# شوناس و وێنەی کورد لە سەرچاوە کولتوورییەکانی سوننە و شیعەدا (سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامی)

د. یاسین طه محمد
yaseen.ahmed@univsul.edu.iq
ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی
\ زانکۆی سلێمانی.

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١ بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٤/١٠

**پوختەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات شوناس و وێنەی کورد لە سەرچاوە کولتوورییە ئیسلامییەکانی هەردوو ئایینزای سوننە و شیعەدا بخاتەڕوو، بە شوێنپێهەڵگرتنی هەواڵ و باسەکانیان لە سەرچاوەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامیدا.

پرۆسەی دیاریکردنی بنەچەی کورد و وێنەی باوی ئەم گەلە لەم سەرچاوانەدا تژییە لە کێشە و تەمومژ، جا چ لە ڕووی تێکەڵبوونی بە ململانێی ڕەگەزیی، ئایینی و سیاسی بێت، یان نەبوونی پاشخانی زانستی و لۆژیکی لە دەقەکان و کاریگەربوونیان بە خەیاڵ و ئەفسانە. ئەم سەرچاوانە بەگشتی پابەندن بە زاڵگەرایی، خۆ پەسەندی و پۆلێنکردنێکی پەیوەست بە تێڕوانینی خۆبەزلزانانە بەرامبەر کورد، ئەمەش بووەتە هۆی بەرهەمهێنانی وێنەیەکی شێواو و بچووککردنەوەی کورد لە دەقەکان و ئۆبالّی ڕێژەیەک لەمەش دەکەوێتە ئەستۆی ڕەوشی ژیانی کورد خۆیەوە.

توێژینەوەکە میتۆدی وەسفیی _ شیکاریی پەیڕەو دەکات بەپێی ڕیزبەندی مێژوویی دەقە مێژووییەکان، تیشکیش دەخاتە سەر خاڵەکانی لێکچوون و جیاوازی لە تێڕوانینی سوننە و شیعەدا بۆ کورد، بۆ ئەمەش پشت بە بەراوردکاری بەستراوە. هەوڵی ئاشکراکردنی ئەو هۆکارە خودی، سیاسی، ئایینی و کۆمەڵایەتییانەش دەدات کە بەشداربوون لە کەڵەکەبوونی ئەو وێنە چرژ و بەدانەی کورددا.

گرنگی توێژینەوەکەش لە پێشکەشکردنی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەدایە بۆ ئەم دەقانە سەبارەت بە کورد، لەگەڵ هەوڵدان بۆ تێگەیشتنێکی قووڵتر لە پاڵنەر و میانەکانی دەقەکان، هەروەها بەراوردکردنیان لەگەڵ یەکتر بەپێی پێوەرە فیقهی و شەرعییەکانی هەردوو ئایینزا گەورە و سەرەکییەکەی ئیسلام (سوننە و شیعە).

**وشە کلیلەکان: وێنەی کورد، شوناسی کورد، سەرچاوە سوننەکان، سەرچاوە شیعەکان، سەدەکانی ناوەڕاست.**

**پێشەکی**

شوناس و وێنەی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامیدا بابەتێکی جێ سەرنج و مشتومڕە، بەتایبەت لە ناو گەلانی دراوسێدا کە جیاوازیی بەرژەوەندی و سیاسی و کولتووری و ئاینزاییشیان لەگەڵ کورددا هەیە، ئەمەش تەوەر و بابەتی ئەم توێژینەوەی بەردەستە. چوارچێوە مێژووییەکەش سەدەکانی نێوان ئاشنابوونی کوردە بە ئیسلام و موسوڵمانان لە سەدە کۆچییە بەراییەکاندا کە دەبێتە هۆی تۆمارکردنی هەواڵی ناوچەکانیان، تا دەگاتە کەڵەکەبوون و دەرکەوتنی بەرچاوی سەرچاوە کولتوریی و مێژووییەکان لە سەدەی 8ك/14ز لە دەورانی دەوڵەتی مەمالیکدا. ئەم سەرچاوانەش کاتێك دانراون و تەشەنەیانکردوە کە کورد بەهۆی شەڕە خاچییەکان و پەلهاویشتنییەوە بۆ شام و میسر، ڕەگەزێکی ناسراو و بەشدارێکی ڕووداوە سیاسییەکان بووە.

توێژینەوەکە لە ڕێگەی میتودەکانی مێژوویی و شیکاری- بەراوردکارییەوە، هەوڵدەدات تێگەیشتنێکی هەمەلایەنە دەربارەی ئەو وێنانەی بۆ کورد کێشراون بەردەستبخات، تیشک دەخاتە سەر لێکچوون و جیاوازییەکانی نێوان سەرچاوە سوننی و شیعییەکان دەربارەی کورد و لەبارەی پێگەی ئایینی و ئایینزایی گێڕانەوەکانی ئەم بوارەش هەڵوێستە دەکات. هەوڵدەدات وەڵامی ئەوە بداتەوە بۆچی لە سەرچاوەکانی شیعە و سوننەی سەدەکانی ناوەڕاستدا وەکویەك هەن؟ جیاوازی و هەروەها لێکچوون و ڕوانگەی هاوبەش و جیاوازیشیان چییە؟

بەر لەم توێژینەوەیە، چەند توێژینەوەیەکی دی لەبارەی شوناس و ڕەچەڵەك و وێنەی کوردی نێو سەرچاوە ئیسلامییەکاندا بڵاوکراونەتەوە و سوودیان لێوەرگیراوە، وردەکاری ناونیشانەکانیشیان لە لیستی سەرچاوەکاندا هاتووە، بەڵام جیاوازی ئەمەی بەردەست لەوانی دیکە ئەوەیە: جگە لە لایەنی مێژوویی، لە گۆشەنیگای شەرعی و مەزهەبییەوە، دەقەکانی پەیوەست بە کورد لە سەرچاوەکانی هەردوولادا (سوننە و شیعە) تاوتوێدەکات، هەروەها هەوڵی بەراوردکاری لە نێوان دەقە سوننی و شیعییەکاندا دەدات، ئەمەش لە توێژینەوەکانی پێشتردا بەم شێوەیە تا ڕادەیەك نەکراون بەوپێیەی زیاتر شیکاریی، مێژوویی بوون یان بە سەرچاوەکانی یەك ئایینزاوە پەیوەستبوون.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەری سەرەکی پێکدێت: یەکەمیان، تیشکدەخاتە سەر بنەچە، ناسنامە و گرنگترین ناوەندەکانی نیشتەجێبوونی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامیدا کە بازنەی جوگرافی توێژینەوەیە. تەوەری دووەمیش، گرنگترین ئەو دەق و وێنانە بەپێی ڕیزبەندی مێژوویی دەخاتە ڕوو کە لە سەرچاوە کولتوورییە سوننە و شیعەکاندا سەبارەت بە کورد هاتوون و بەردەستن، ئاڵۆزی و جیاوازییەکانی ئەم دەقانەش سەبارەت بە بنەچەی کورد شیدەکاتەوە، هەروەها لە هۆکار و لێکەوتەکانیان بۆ قۆناغەکانی دواتر دەکۆڵێتەوە. تەوەری سێیەمیش، بریتییە لە بەراوردکردنی دەقەکان لە سەرچاوە سوننە و شیعەکاندا، تیشک دەخاتە سەر لێکچوون و جیاوازی نێوانیان، لە هەمان کاتدا هەوڵی شوێنپێهەڵگرتنی پاشخان و پاڵنەرەکانی کەڵەکەبوونیان لە تێکڕای سەرچاوەکاندا.

## تەوەری یەکەم: شوناس و ڕەچەڵەك و پێگەی کورد

### _ شوناس و ڕەچەڵەك

لە سەردەمە کۆنەکانی مێژوودا (پ.ز) ڕێنووس و گۆکردنی ناوی "کورد" لای گەڕیدە و مێژوونووسەکان جیاوازبووە، بە چەشنێك لە نێوان سەدەی یەکەمی پ.ز و پێنجەمی زایینیدا بە نزیکەی (22) دەربڕین و ڕێنوسی جۆراوجۆر ئاماژە بۆ دانیشتوانە کۆنەکانی کوردستانی ئێستا کراوە، زۆربەی ئەم ناوانەش نزیکن لەیەکتر وەك "کارد، کورد، Kord یان Gord...هتد". دەشێت هۆکاری سەرەکی ئەمەش پەیوەندی بە کێشەکانی لەبەرگرتنەوەی دانراوە مێژووییەکان (النسخ) و ڕێسا زمانییەکانی نەتەوەی گەڕیدەکانەوە هەبێت، سەرباری ئەم جیاوازیيانەش ناوە جیاجیاکان لە کۆتاییدا ئاماژە بۆ یەك شت دەکەن ئەویش گەلی "کورد" ـە (Driver, 1923: 395_396). ناوی "کورد" کە ئێستا جێگیربووە، ڕیشەیەکی دێرینی هەیە و لە زمانی پەهلەوی کۆنی ئێرانیدا و لە ساڵی (226ز)دا بۆ هەندێك لە خەڵکی چیانشین بەکارهاتووە (Safrastian، 1948: 16). لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامیدا بە پێچەوانەی کوردناسیی پێش زایین و دواتردا، دوور لە تێگەیشتن و بەشداریکردنی خۆی ناوی "کورد" کراوە بە "الكُرد" و کۆش کراوەتەوە بە "الأكراد"، ناکۆکییەکی ئەوتۆش لەمبارەیەوە نییە، هەر بەمەش ناوی شوێنەکانی نیشتەجێبوون و خاکەکەیان براوە وەك: "دار الأكراد" کە ناوی "هەرێمی چیا" یە (اليعقوبي، 2001، 22)، "نهر الأكراد" لە ئەزەربیجان (البلاذري، 88: 199)، "زموم الأكراد" لە فارس (ابن خرذادبة، 1889: 47)، "حصن الأكراد" لە شام (المقدسي، 1991: 168) و "بلاد الأكراد، " (العماد الأصفهاني، د.ت: 423)، "مملكة الأكراد" (الحموي، 1995: 124/2) و "جبال الأكراد، "قلاع الأكراد" لە هەرێمی جزیرە (ابن خلدون، 1981: 80/1، 4/ 410).

### _ مەڵبەندە کوردییەکانی سەردەمی ئیسلامی

لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامیدا کوردستان وەك وڵاتی ژیان و نیشتەجێی کورد، سنوورێکی دیاریکراوی یەکلایی نییە، سنوورەکەشی بەردەوام لە هەڵکشان، داکشان و گۆڕاندا بووە. لە لێکدانەوەی ئەمەدا "ابن خلدون" (1981: 181/1) باس لەوە دەکات کورد هەموو خاکێکی بەلاوە یەکبووە، لە سنوورێکدا نەوەستاوە و بۆ جێگەی دووریش ڕۆیشتووە. لە سەردەمی عەباسی و لە بندەستی سەلجوقییە تورکەکاندا لە ناوەڕاستی سەدەی (6ك/12ز) هەرێمێك هەبووە بە ناوی "کوردستان"، جارجارەش بە "ویلایەتی کوردستان" ناوی هاتووە. قەڵەمڕەویی ئەم ویلایەتە کوردییە لە ڕۆژئاوای هەرێمی چیا و دەوروبەری شاری "قرمسين" دا بووە کە دەکاتە کرماشانی ئێستا و پایتەختەکەی "قەڵای بەهار" بووە (قزويني،1362ش: 107)، بەڵام ئەم هەرێمە سەرجەم ناوچە کوردییەکانی لەخۆ نەگرتووە، تەنیا ئەوە هەیە ناونانی بە "کوردستان" جێگەی سەرنج و هەڵگری ئاماژەی گرنگە ئەگەرچی سنوورەکەشی بەرتەسکە. بە گەڕانەوەش بۆ سەرچاوەکان و شوێنکەوتنی ڕووداوە مێژووییەکان و چالاکییەکانی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامیدا، دەشێت مەڵبەندە کوردنشینەکان بە چەند هەرێم و ناوچەیەك دیاریبکرێت، ئەوانیش بریتین لە: "هەرێمی چیا" یان "مملكة الجبال" کە "هەرێمی کوردستان"ی سەلجوقییش لە خۆدەگرێت، لەگەڵ هەرێمەکانی "ئەزەربیجان، ئەرمینیا و ئاران، جزیرە، ناوچەکانی لوڕستان و شارەزوور"، لەگەڵ شاری "أربل" کە هەولێری ئێستا دەکات (المسعودي، د.ت: 1/ 78؛ 1989: 101/2؛ زكي بك، 1939، 3_4). مۆرکی هاوبەشی جوگرافیاکەشیان چیا و چیانشینییە تا ڕادەی ئەوەی بە "مملكة الجبال" یش ئاماژەی بۆ کراوە (العمري، 2002: 255/3)، زۆرجاریش بە "کوهستان" ناوبراوە (ناصر خسرو، 2010: 172) کە وڵاتی کوێستان و سەرماو سۆڵە و چیایە، ئەمەش بووەتە نیشانەیەکی زەقی ناساندن و ئاماژەکردن بۆ کورد و خاکەکەی لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا.

لە دەرەوەی ئەم ناوچانەش کە کوردستانی گەورەی گریمانکراوی ئێستان، خێزانە کوردەکان لە چەند ناوچەیەکی دیکەی دەوروبەری چیاکان بڵاوبوون لە چەشنی هەوارە کوردییەکانی "هەرێمی فارس" (ابن خرذادبة، 1889: 47)، ژمارەشیان لە "هەرێمی فارس" بە دەوروبەری (500) هەزار ماڵ خەمڵێنراوە (ابن حوقل، 1938، 2/ 265)، ئەگەرچی ئەمەش ئامارێکی ورد دیار نییە، بەڵام ئاماژەیە بۆ ڕێژەیەکی زۆر و بەرچاو. هەر لە تەنیشتنی هەرێمی فارسیشدا کورد لە خوزستان (ئەهواز) ژیاون و چالاکبوون (الطبري، 1967، 178/4)، جگە لەوەش یەکێك بوون لە پێکهێنەرەکانی "هەرێمی خوراسان"( الأصطخري، 2010: 155)، ئەم ناوچەیەش لە ڕۆژهەڵاتی ئێرانی ئێستادایە.

هەر لە دەرەوەی مەڵبەندە کوردییەکانیش، هەندێك لە سەرچاوەی وڵاتناسی "شام"یان بە ناوچەی ژیان و نیشتەجێبوونی کورد ئەژمارکردووە (البكري، 1992، 344/1)، بەهۆی ئەوەی لە دەورانی دەوڵەتی ئەیوبییشدا "وڵاتی شام" و جزیرە بوونەتە بەشێك لە قەڵەمڕەوی ئەم بنەماڵە کوردە (570_579ك/1174_1183ز)، (ابن شداد، 1994، 91_120)، کوردێکی زۆر ڕوویانتێکردوە و کردوویانە بە نیشتمان و شوێنی ژیانی خۆیان، لەوێشەوە چوونەتە میسر، کە بووەتە مەڵبەندی سەرەکیی حوکمرانی ئەیوبییەکان (الصويركي،2010: 117_118، 154، 201، 202)، هەروەها ڕێژەیەك لە کورد گەیشتوونەتە وڵاتی یەمەن، چونکە ئەم وڵاتەش لە نێوان ساڵانی (569_628ك/ 1173_1230ز) بووەتە بەشێك لە قەڵەمڕەویی ئەیوبییەکان ( بروانە: حرب، 1985: 255_259).

**_ پێگە و ڕۆڵی کورد لە پەیکەربەندیی خیلافەتدا**

جگە لە لایەنی شارستانی، دەرکەوتنی کورد لەسەر شانۆی سیاسی سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامی و ڕۆڵبینینی لەنێو پەیکەری خیلافەتدا، لە ڕێگای دوو هۆکاری سەرەکییەوە بووە؛ یەکەمیان دروستکردن و دامەزراندنی میرنشینی ناوچەیی، کە هەندێکیان کاریگەرییان پەڕیوەتەوە بۆ دەرەوەی سنوری خۆیان، دووەمیشیان لە ڕێگای بەرگریکردن لە سنووری خیلافەت و بەشداریکردن لە جەنگی خاچییەکان و تۆمارکردنی داستان لە میانەی بەرەنگاربوونەوەی زنجیرە هەڵمەتەکانیان. دەرکەوتنی میرنشینە کوردییە ناوچەییەکانیش لەم قۆناغەدا بارگاوییە بە سیستمی باوی سەردەم کە بنەماڵەییبوون و کەڵکوەرگرتنبووە لە بۆشایی و لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوندیی خیلافەتی بەغدا، لەم دۆخەشدا هەر لایەك بۆ بەرژەوەندی بنەماڵەیی خۆی کاریکردووە، بەشێوەیەکی گشتیش ناکۆکی و ناجۆری بەسەر پەیوەندییەکانیاندا زاڵبووە، تەنانەت لە ئاستی یەك بنەماڵەشدا. سەرەتا و دەستپێکی ئەو میرنشینە خۆجێیە کوردییانەش "العيشانية" یە لە ڕۆژئاوای چیا (300_350ك/ 912_961ز)، پاشان میرنشیەکانی دیکە بەدوایدا کە بریتین لە: سالاری" و (300 – 420ك/913_1019"، دەسەڵاتی "دەیسەمی کوردی" هەر لە ئەزەربیجان (315_435ك_ 926_956ك)، "میرنشینی ڕەوادی" (342_463ك/953_1070ز) و "میرنشینی شەدادی" لە "ئاران" 340_595ك/951_1198ز)، "میرنشینی عەنازی" لە "حەلوان"ی نێوان عێراقی عەرەبی و "هەرێمی چیا" (381_511ك/991_1117ز)، "شبانکارە" لە "وڵاتی فارس"، "لوڕی" لە "لوڕستان" (بڕوانە: ابن الأثير، 1997: 7/ 107، 371؛ زكي بك، 1945: 29_167). لەنێو ئەمانەشدا هەردوو "میرنیشنی شەدادی" و "ڕەوادی" ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە پاراستنی موسوڵمانەکان و بەرەنگاربوونەوەی هێرشی بێزەنتییەکان و هاوپەیمانەکانیان لە ڕووس و خەزەر و جۆرجییەکان (بڕوانە: اللهيبي، 2012: 2_ 7).

جگە لەوانەش یەکێك لە ناسراوترین دەسەڵاتە خۆجێیە کوردییەکان، میرنشینی کوردی "حەسنەویهی" عەشیرەتی "بەرزیکانی" یە لە "هەرێمی چیا" (350 - 439 هـ/ 961 - 1047 م)، (ابن الجوزي، 1992: 15/ 104؛ ابن خلدون، 1981:

4/ 688)، ناودارترین میری ئەم میرنشینەش "بەدری کوڕی حەسنەویهییە" (م. 405ك/1014ز) کە بە "میری کوردان" و "میری چیا" ناوی هاتووە (ابن الاثیر، 1997: 7/ 596؛ ابن خلدون، 1981: 3/ 546). بەپێی بەدواداچوونە مێژوییە نوێیەکانیش، میر "بەدر" یەکەم کەسە لە فرمانڕەوا ئیسلامییەکان کە لە ساڵی (388ك/998ز)دا پاشگری "الدین" خرابێتە سەر نازناوەکەی (ناصر الدین والدولة)، (هوتسما و ئەوانی دی، 1998: 7318/23)، هەروەها هەر لەو ساڵەدا لە لایەن خەلیفە "القادر بالله" عەباسییەوە (م.422ك/1031ز) خەڵاتکراوە و فرمانڕەواییکردنی "هەرێمی چیا"ی پێسپێردراوە (مسکویە، 2000، 7: 365). یەکێکی دیکە لە میرنشینە بەناوبانگە کوردییەکان دەوڵەتی مەروانی_ دۆستەکییە (380_ 489ك/ 990_1096ز) کە پایتەختەکەی "میافارقین" بووە و جگە لە جزیرە تا موسڵ و ڕۆژئاوای کوردستانی ئێستا فرمانڕەواییکردووە (بڕوانە: المنتظم، 1992: :16/ 70_71؛ یوسف، 2001: 1/ 14_15)، بەناوبانگترین میری ئەم میرنشینەش "نەسرولدەولەی مەروانییە"یە کە کوردی حەمیدییە (م.453ك/1061ز)، لەسەر کارنامەشی ستایشی زۆر کراوە (بڕوانە: الفارقي، 1959: 143؛ ابن خلكان، 1900: 1/ 177)، ئەم میرە لە ڕێگای هاوسەرگیری و شێوازی جۆراوجۆرەوە پەیوەندی لەگەڵ خیلافەتی عەباسی، بوەیهییەکان، فاتمییەکانی میسر و بیزەنتییەکانی دراوسێیدا بەهێزکردووە، لەیەك کاتیشدا لەگەڵ هەموویاندا پەیوەندی باش بووە (الفارقي، 1959: 109_110)، لە پەنا فرەژنی و کۆکردنەوەی دەیان کەنیزەکی جۆراوجۆر، بە فرمانڕەوایەکی "جەستوور، دادگەر و دڵسۆز" ستایشکراوە، ناوبانگیشی لە دەرەوەی میرنشینەکەی زیاتر و دوورتر ڕۆیشتووە (بڕوانە: الفارقي، 1959: 169_170؛ الذهبي،1985 :18/ 118).

سەرباری ئەوانەی سەرەوەش دەشێت گەورەترین دەرکەوتنی کورد لە مێژووی ناوەڕاستی ئیسلامیدا بەهۆی جەنگی خاچییەکان و ناوبانگی "سەلاحەدینی ئەیوبی"یەوە بێت کە شاری قودسی لە چنگی (60.000) سەربازی خاچدروشم دەرهێنا، بەبێ ئەوەی کۆمەڵکوژیان بکات، بەرامبەر پارە یان بەخشین ڕەوانەی کردنەوە بۆ وڵاتەکانیان لە ئەوروپا (583 ك/ 1187ز)، (بڕوانە: ابن واصل، 1957: 2/ 215).

**تەوەری دووەم: کورد لە سەرچاوە کولتورییە سوننی و شیعییەکان**

بەپێی گێڕانەوەکانی فەرموودە، ئاشنایەتی سنوورداری موسوڵمانەکان بۆ کورد هەر لە سەردەمی هاتنی پێغەمبەری ئیسلامەوە (د.خ) دەستپێدەکات (بڕوانە: أبو داود، 2009: 2/ 181؛ ابن الأثير، 1994: 6/ 345)، ئەم ناسینەش لە "فتوحاتی ئیسلامی" دا (16_21ك/ 637_642ز) بەشێوەیەکی بەرفراوان پەرەی سەندووە (بڕوانە: البلاذري، 1988: 323، 325، 371)، دواتر وەك ئاماژەی پێکرا کورد و خاکەکەی بوونەتە خاوەن پێگەیەکی کاریگەر لە چوارچێوەی خیلافەتدا، کەچی سەرباری ئەمانەش مەسەلەی شوناس و ڕەگەز و پۆلێنکردنی کورد لەنێو سەرچاوەکانی هەردوو ئایینزا گەورەکەی ئیسلامدا (سوننە و شیعە) تەمومژی زۆری لەسەرە و جێگەی مشتومڕە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی زمانەوانی عەرەب "فەراهیدی" (م.173ك/789ز)، (د.ت: 5/ 326)، لە سەدەی (2ك/8ز) ئاماژەی بەوەکردووە "کورد نەوەیەك خەڵکن" کەچی دێڕە شیعرێکی دێرینتری کردووەتە بەڵگە کە پەیوەستیان دەکات بە عەرەب و سوێندی ئەوەی تیایە کە کورد نەوەی "عەمری کوڕی عامرن" ن و لە نەتەوەی فارس نین. لەپاش ئەویش"ئیبن قوتەیبەی دەینەوەری" (م.276ك/889ز)، (1992: 1/ 618، 652)، لەزاری فارسە عەجەمەکانەوە، کورد دەباتەوە سەر ڕزگاربووانی دوو مارەکەی سەرشانی "زوحاك: بوراسف" کە بە گوتەی ئەو پادشایەکی فارس بووە و هەزار ساڵ فرمانڕەواییکردووە. بۆ تێگەیشتنی وردیش لە شوناس و وێنەی کورد لە

سەرچاوەکانی دواتری مێژوونووس و زانایانی ئایینی هەردوو ئاییزاکەدا دەشێت بەم جۆرە پۆلێن بکرێن و ئاماژە بە گرنگترینیان بکرێت:

**_ سەرچاوە شیعییەکان:**

شیعە ناوێکی گشتگیرە بۆ کۆمەڵێك لە گروپە ئیسلامییە جیاوازەکان کە هاوڕان لەسەر ئەوەی لە پاش پێغەمبەر (د.خ)، عەلی کوڕی ئەبو تالیب ئیمام و جێنیشنی دیاریکراوی شەرعییە بە وەسێتی پێغەمبەر (د.خ)، لەپاش ئەویش یازدە کەس لە نەوەکانی لە "فاطمة"، کە بەلای ئەوانەوە بێهەڵە و پەڵەن (معصوم)، ئەوانیش بریتین لە: حەسەن، حوسێن، زینەلعابدین، باقر، سادق، کازم، ڕەزا، جەواد، هادی، عەسکەی، قائیم کە مەهدییە و نادیار و پەنهانە (بڕوانە: الشهرستاني، د.ت: 146/1؛ شبّر، د.ت: 8/1). لە نێو سەرچاوەکانی ئەم ئایینزایەشدا هاوشێوەی سەرچاوە سوننەکان وێناکردنی بەد و خراپ دەربارەی ڕەچەڵەکی کورد هاتوون و سەرچاوەکانیشیان بنەڕەتین، لەوانەش:

ـ کەسێکی پاشخان نادیار و تاڕادەیەك نەناسراو کە هەڵگری نازناوی "أبي ربيع الشامي"یە، پرسیویەتی لە شەشەم ئیمامی شیعە؛ "سادق" (م. 148ك/165ز)، کە ئەوان دراوسێی هەندێك لە نەتەوەی کوردن و پێکەوە کڕین و فرۆشتن دەکەن، ئایا تێکەڵییان بکەن و شتیان پێ بفرۆشن؟ ئەویش وتوویەتی: نەخێر تێکەڵییان مەکەن، ئەوانە بەشێکن لە جنۆکە خوا پەردەی لەسەر هەڵماڵیون، نەخێر تێکەڵییان مەکەن (الكليني،1407هـ: 5/ 158؛ الصدوق، 1386ش 2/ 527 ؛ الطوسي، 1365ش: 7/ 11). هەر لەبەر ئەم هۆکارەش هەندێك گێڕانەوەی دیکەی شیعی، مارەکردنی کچی کورد بە دروست نازانن، ئەمەشیان لە میانەی باسکردنی خەڵکی خراپدا ئاماژە پێکردووە. ئەمە لە کاتێکدا گێڕانەوەی دیکەی شیعە هەن، ڕێگە بە کڕین و مارەکردنی کەنیزەکی کورد و ئەو هاوبەشخوازانە (مشرك) دەدەن کە موسوڵمانەکان جەنگیان لەگەڵدا دەکەن (الطوسي، 1365ش: 200/8)، ئەمەش ئەگەرچی تەماشاکردنیانە لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە هاوتاکردنیانە بە "موشریکەکان" کە بێباوەڕن و هاوەڵ بۆ خودا دادەنێن.

لە هەندێك گێڕانەوەی دیکەدا ئەوە دراوەتە پاڵ "ئیمام عەلی": لە کاتی دەرکەوتنی مەهدیدا (ئیمامی دوازدەیەم)، کورد و خەواریجەکان دەکەونە تەنگییەکی زۆرەوە (النعماني، د.ت: 148)، ئەمەش ئاماژەیە بە کوشتاریان.

_ هەندێك گێڕانەوەی تر لە زاری "ئیمام سادق" ـەوە هاتوون، کە لە میانەی باسکردنی "کوشتنی دز" و جەردەدا، شیعەکان هاندەدەن بە زەبری شمشێر مامەڵە لەگەڵ کورددا بکەن (بڕوانە: الكليني، 1407هـ، 7/ 297؛ الطوسي،1365ش: 10/ 2011).

_ خاوەن گەورەترین و سەرەکیترین سەرچاوەی فەرموودەی شیعە "الكليني" (م. 329ك/941ز)، لە دانراوەکەیدا (الكافي)، (1407هـ: 5/ 352- 354) پشتئەستوور بە گێڕانەوەیەکی "پێشەوا مەعسومەکان"، ناونیشانێکی لاوەکی داناوە لەبارەی خراپەی هاوسەرگیریکردن لەگەڵ کورد و سودان و ئەوانی دی (زنج و گەمژە و شێت).

_"شێخی تایفە"ی شیعە "الطوسي" (م. 460ك/1050ز) کە خاوەن دوو لە چوار سەرچاوە بنەڕەتییەکەی فەرمودەی شیعەیە، لە دانراوێکیدا (1365ش: 7/ 11)، ئەو گێڕانەوەی پەسەندکردووە کە تێکەڵیکردن و کڕین و فرۆشتن لەگەڵ کورددا بە خراپ لەقەڵەمدەدات. لەبارەی هۆکاری ئەم هاندانی دوورەپەرێزگرتنەش لە کورد "ابن ادريس الحلي" (م. 595هـ/1199م)، (1410هـ: 2/ 233) دەیگێڕێتەوە بۆ ئەوەی گوایە کورد بەرچاوڕوونییان نییە و تێکەڵی خەڵك نین، ئەمەش ئاماژەیە بە جوگرافیاکەیان کە چیایی و دوورە دەستە.

_ لە گێرانەوەیەکی دیکەدا کە سەدەی 5ك/11ز دەرکەوتووە، کەسێك بەناوی "حوسێنی کوڕی مونزیر" دەگێڕێتەوە کە پرسیارکراوە لە ئیمامی شەشەمی شیعە (جەعفەری سادق): کوردیان بەکرێ کردووە بە شوان و ئەوانە ئاگرپەرست و لەو بابەتانەن، ئایا ئەگەر ئاژەڵێك کەوت یان بەلادا هات و سەریانبڕی و فرۆشتیان چۆنە؟ ئەویش وتوویەتی سەربڕین ڕێوشوێنی خۆی هەیە، تەنیا بە موسوڵمانیش دەسپێردرێت (الطوسي، 1365ش: 63/9). لەم گێرانەوەیەشدا دوو ئاماژەی نەرێنی لەسەر کورد تێبینیدەکرێت، یەکەمیان بە کەم تەماشاکردنی کوردە کە پیشەیان شوانیکردن و کرێگرتەییە، دووەمیش ئەوان ئاگرپەرستن کە ئاماژەیە بۆ مانەوەیان لەسەر ئایینی زەردەشتی.

_ لە سەرچاوە فیقهی و ئاینزاییەکانی شیعەدا وێنەی ناشرینی زۆر دەربارەی کورد کەڵەکەبوون. لەو سەرچاوانەدا بەوە ناسێنراون کە جەردە و ڕێگر و ئارەزووبازن، هەروەها بە چاوی کەمیشەوە تەماشا کراون و چیرۆك لەبارەی جەردەییانەوە ڕیوایەتکراوە، سەرچاوەی زۆر لەوانەش گێڕانەوەی قۆناغی خەملینی ئایینزای شیعەن لە سەدەکانی 4_5ك/10_11ز (بڕوانە: مراد، 2022: 94_95؛ مرعي، 2017؛ کريم، 2015: 60_65).

_ دەشێت مێژوونووس و جوگرافیناسی شیعی "مەسعودی" (م.346ك/957ز) (العسقلاني، 2002: 5/ 531)، بەناوبانگترین ئەو کەسانەبێت کە لەبارەی بنەچەی کوردەوە ڕوونکردنەوەی درێژی هەبێت. ناوبراو بۆچوون و لێکدانەوەکانی دەربارەی کورد بووەتە سەرچاوەی بنەڕەتی بۆ ئەوانەی پاش خۆی. لە دانراوە مێژووییەکەشیدا (1409هـ: 2/ 99_100)، چەند بۆچوونێکی باوی سەردەمی خۆی دەخاتەڕوو کە کورد دەبەنەوە بۆ سەر هۆزە عەرەبییەکان (ربيعة، مضر، مرد بن صعصعة)، باس لەوەش دەکات دواتر کاریگەربوون بە زمانی فارسی و بوونەتە عەجەم. "مەسعودی" پێشیوایە بەهۆی هۆگربوون بە چیاکانەوە کورد لە عەرەب دوورکەوتوونەتەوە. پاشان ئاماژەی گریمانە ئەفسانەییەکانی گەڕانەوەی کوردی بۆ سەر جنۆکە لە کەنیزەکە هندییەکانی "پێغەمبەر سلێمان" و گەڕانەوەی کورد بۆ نەوەی دەربازبووەکانی دوو مارەکەی سەرشانی "زوحاك" کردووە. لە کۆتاییشدا "مەسعودی"  ئەوە پەسەند دەکات کە کورد نەوەی "ڕەبیعەی کوڕی نزار" بن، ئەمە لە کاتێکدا هەر خۆی باسی لەوەکردووە هەر کۆمەڵە کوردێك زمانێك (زارێك)ی تایبەت بەخۆیان هەیە. ناوبراو لە دانراوێکی دیکەیدا (د.ن:78/1) قسەی فارسەکان دەکاتەوە کە کورد نەوەی "کرد بن اسفندیار" بن (پاڵەوانێکی ئێرانی ئەفسانەییە)، ئاماژە بە بۆچوونی هەندێك کوردیش دەکات کە باسی ئەوەیانکردووە نەوەی عەرەبن لە ڕێگەی "کوردی کوڕی سەعسەعەی هەوازن"، هەشیانبووە خۆیان بە نەوەی "ڕبیعەی کوڕی وائیل" زانیوە. بەم پێیەش "مەسعودی" زیاتر لایەنگری عەرەببوونی کوردە. هەروەها لە جێگەیەکی دیکەدا (د.ت:1/ 78)، کورد لە خانەی کۆچەرییە چیاییەکان پۆلێندەکات کە هاوتای عەرەبی دەشتەکییەکان و بەلوجن. جگە لەوەش چیانشینی کردووەتە بەڵگەی ئەوەی دەکرێت کورد وشك و زبربن (المعسودي، 149ه: 97/2)، بەپێچەوانەی لێکدانەوەی فەیلەسوف "ئەبوبەکری ڕازی" (م. 313ه ك / 925ز) (1982: 42)، کە پێیوایە کورد زیاتر سۆز بەسەریاندا زاڵە و ئەگەری هەیە زوو تووشی عیشق ببن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەستناسکی و دڵنەرمییان. لە نێو ناوداره شیعەکانی دیکەدا "مەسکەویە"( 2000: 6/ 323، 447) کە شیعەکان بە کەسایەتییەکی ئایینزاکەیانی دەزانن (تبريزي، 1369ق.ش: 8/ 207؛ العاملي، د.ت: 3/ 159)، تێڕوانینێکی نەرێنی هەیە بۆ کوردانی شارەزوور و پێیوایە "هەمیشە یاخین لە دەسەڵات و خەڵکەکەی ملنادەن، لە دەروونیاندا عینادی و منجڕی هەیە"، بە شێوەیەکی گشتییش لەگەڵ دەشتەکییەکان "ئاگریان خۆشکردووە" و حوکمڕانییان تێکداوە.

**_ سەرچاوە سوننییەکان:**

سوننە تەوژمی باو و بەربڵاوی موسوڵمانەکانە و ناوەکەشی لە شوێنکەوتنی سوننەت (ڕێگا)ی پێغەمبەرەوە (د.خ) هاتووە چ وتە بێت یان کردەوە یان پەسەندکردن، ئەڵبەت لە پاش دەقەکانی قورئان. هەواڵی کورد لە سەرچاوە کولتورییەکانی ئەم ئایینزا زۆرینە و بەربڵاوەشدا جگە لە مێژووییەکان، لە تەفسیر و ئەدەبیات و تۆمارەکانی فەتوا و فیقهدا هەیە. لەم میانەیەشدا مێژوونووسی ناودار و یەکێك لە پێشەواکانی سوننە، "ئیبن جەریری تەبەری" (م.310ك/923ز)، (2001: 16/ 305)، لە تەفسیرەکەیدا گێڕانەوەیەکی لە "عەبدوڵڵای کوڕی عومەر" ـەوە باسکردووە کە لە هاوەڵانە، گوایە وتوویەتی: کورد دەشتەکییەکانی فارسن (أعراب فارس). لە سەدەی 5ك/11ز یشدا "ڕاغیبی ئەسفەهانی" (م.502ك/1109ز)، کە زانایەکی سوننەی شافیعییە (بدهارجو، 1921، 97) گێڕانەوەیەکی دیکەی گواستووەتەوە (1420هـ: 1: 426)، ئەویش لە زاری "عومەری کوڕی خەتاب"، گوایە پێغەمبەر (د.خ) وتوویەتی: کوردەکان نەوەیەکن لە جنۆکە و پەردەیان لەسەر لادراوە، بە "الأكراد" ناونراون، چونکە پێغەمبەر سلێمان (د.خ) کە غەزای هیندی کرد، هەشت کەنیزەکی لێ بەدیلگرتوون و لە دوورگەیەك بەندیکردوون، لەو کاتەشدا جنۆکە لە دەریاوە دەرچوون و لەگەڵ کەنیزەکەکان جووتبوون، (40) لەو کەنیزەکانەش دواتر سکپڕبوون، کە هەواڵیشدراوە بە پێغەمبەر "سلێمان"، فەرمانیکردووە کەنیزەکەکان لە دوورگەکەوە بۆ خاکی فارس ڕاگوێزن، لەوێش کەنیزەکەکان (40) کوڕیان بووە (هەر کەنیزەکێك 5 کوڕ!) ، کاتێك کوڕەکان گەورە بوون دەستیانکردوە بە خراپەکاری و چەتەیی، هەمدیس سکاڵایان بردووەتە لای "سلێمان"، ئەویش وتوویەتی: دەریانپەڕێنن بۆ چیاکان (أكردوهن)، لەمەشەوە ناونراون "الأكراد"، بە پێی ئەمەش ناوی کورد وەرگیراوی فرمانێکی عەرەبیی "سلێمان" ـە، لە کاتێکدا خۆی پێغەمبەرێکی بەنی ئیسرائیلییە و کوڕی پێغەمبەر داوده!

سەرباری ئەوەشی مێژوونووسانی شام و میسر لە سەدەکانی دواتر بەرکەوتەیان لەگەڵ کوردەکاندا زۆر بووە و بەرچاویان ڕوونتر بووە دەربارەیان بەراورد بە پێشینەکان، کەچی تێگەیشتنیان لە کورد شێواو و پڕ لە ئاوەژووە، بۆ نموونە "ئیبن فەزلوڵڵای عومەری (م.749ك/1349ز)، (1988: 78)، باسی لە "کەرەج" بوونی کورد کردووە کە جۆرجییەکانی ئێستا دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا تێگەیشتنی ئەم مێژوونووسە لە کورد، جیاوازی و پەرەسەندنی تێدایە و لە جێگەی دیکەدا دەڵێت: "ڕەگەزێکی تایبەت بوون لەنێو جۆری گشتیدا" (2002: 3/ 259). لای خۆشییەوە مێژوونووسی ناسراوی میسری "مەقریزی" (م.845ك/1442ز)، (1997: 404/3_405) باسی لە گەڕانەوەی کورد کردووە بۆ ئەفسانەی ڕزگاربووانی مارەکەی سەر شانی بیوراسف (زوحاك)، هەروەها بۆ نەوەی کەنیزەکەکانی "پێغەمبەر سلێمان"، ئەوەشی زیادکردووە: کەنیزەکەکانی دایکانی کورد دووڕووبوون، ئەوانەشی سکپڕیانکردوون و باوکیانن؛ شەیتان بوون. پاشان دێتە سەر ئەوەی فارس کورد بە بەشێك لەخۆیان دەزانن و وتراویشە کورد عەجەمن، قسەی ئەوەشکراوە کە لە بنەماڵەکانی عەرەبن. لەبارەی ئەم بە عەرەبکردنەشەوە دەڵێت: ئەوە قسەی ئەو فەقیهانەن کە ویستویانە لای پادشا ئەیوبییەکان خۆیان ببەنە پێشەوە. ئەمەش ئاماژەیە کە ئەم مێژوونووسە زیاتر لایەنگری ڕەچەڵەکە ئەفسانەییەکانی کوردە، چونکە لە نێو چەند ئەگەرێکیشدا تەنیا گریمانەی عەرەببونی کوردی ڕەتکردووەتەوە، بە پێچەوانەی ئەم مێژوونووسانەی پاشینیشەوە، "ئیبن خەلدون" (1981: 2/ 567) لە هەموویان ڕوونترە و کوردی لە ڕیزی عەجەمدا ئەژمارکردووە، پاشان لە نێو عەجەمیشدا لە فارس جیایکردوونەتەوە (3:1981/81). هەروەها ڕەتیکردووەتەوە (1981: 9/2)، کورد و دەیلەم بەشێکبن لە عەرەب و دەڵێت: قسەیەکی وەرنەگیراوە، سەرباری ئەمەش کێشەی تێڕوانینی ناوبراو لە وێناکردنی کورددایە کە بەدە و دواتر باسی دێت.

سەرباری ئەو ڕاستییانەی سەرەوە، ئۆباڵی شێوانی ڕەچەڵەکی کورد تەنیا ناکەوێتە ئەستۆی سەرچاوە ئیسلامییەکان، بەڵکوو بەپێی گێڕانەوەکان هەندێك لە کورد چ وەك خەڵکی ئاسایی، یان میر یان هۆزانڤان و مێژوونووس لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامیدا دەستیان لە بەعەرەبکردنی ڕەچەڵکی خۆیاندا هەبووە، بۆ نموونە "ئەستەخری" (م.346ك/957ز) (2010:71)، بانگەشەی ئەوە دەکات کوردەکانی وڵاتی فارس خۆیان بە عەرەب زانیوە. شاعیری بنەماڵەی میرانی بەشنەوی لە کوردانی جزیرەی بۆتان، "حسێنی کوڕی داود" (م. 465ك/1073ز)، بنەماڵەکەی خۆیانی بەعەرەب داوەتەقەڵەم (عماد الأصفهاني، د.ت: 2/ 502، ابن الأثير، 1980: 1/ 157). لە نێو بنەماڵەی ئەیوبی هەبوون خۆیان بردووەتە سەر "بەنو ئومەیەی"ی عەرەب، بەڵام بەپێی سەرچاوەکان "سوڵتان سەلاحەدین" و "مەلیك عادل"ی برای بەجیا بەرپەرچی ئەم بانگەشەیان داوەتەوە و بە بێبنەمایان داناوە و لە سەلاحەدینەوە دەگێرنەوە وتوویەتی: ئەم ڕەچەڵەکە هیچ بنەمایەکی نییە (ابن خلكان، 1994؛ 7/ 141؛ ابن واصل، 1957؛ 1/ 3_4). مێژوونووس "ئیبن خەلەکان" (م.681ك/1282ز)، (1900: 5/ 357ز) کە پەروەردەی شاری هەولێر بووە، قسەوباسی گەڕانەوەی کوردی بۆسەر "عەمری کوڕی مەزیقیا" وەك خۆی بەبێ تێچنین گواستووەتەوە، هەروەها "ئەبو فیدای ئەیوبی" (م.732ك/1331ز)، (د.ت: 83/1) لایەنگری ئەگەری عەرەببونی کوردە. هەر لەم میانەیەشدا "ئیبن فەزلولڵای عومەری"، (1988: 58) ئاماژە بەوە دەکات هەندێك فەرمانڕەوای کورد گەڕێراونەتەوە سەر ئومەوییەکان و نەوەی "ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب".

جگە لە ڕەچەڵەك و شوناس، بەشێکی دیکە لە کێشەی کورد، وێناکردنی خراپیەتی لە سەرچاوە سوننییەکاندا، لەم میانەیەشدا گێڕانەوەیەکی "أبو هريرة" دراوەتە پاڵ پەیامبەر (د.خ) کە گوایە هەواڵیداوە: ڕۆژی دوایی نایەت تا موسوڵمانەکان لەگەڵ قەومێکی "کڵاش پەڕۆینە" دا نەجەنگن بەناوی "بازر"، یەکێك لە گێڕانەوەکانیش ئەوانە بە کوردەکان دیاری دەکات. هەرچەندە بنکۆڵکارییەکان دەریدەخەن گێڕانەوەکە کێشەی تێدایە و لاوازە و وەرناگیرێت (الشهرزوري، 2024: 25_26) بەڵام لە کۆمەڵێك سەرچاوەی متمانەپێکراوی سوننیدا هاتووە و وەکخۆی گومانکردن گوازراوەتەوە ( بڕوانە: المديني، 1986: 1/ 56؛ ابن الأثير، 1979/ 124/1؛ ابن منظور، 1414هـ، 4/ 57).

هەر لە نێو چینی هاوەڵاندا لە زاری "عەبدوڵڵای کوڕی عومەر" ـەوە، گێڕانەوەیەك لە نێو سەرچاوەکانی تەفسیری قورئاندا هاتووە کە کەسێکی کورد (ئەعرابی فارس) ڕاوێژی پێشکەش بە قەومی پێغەمبەر ئیبراهیم (د.خ) کردووە، کە بیسوتێنن و بیخەنە نێو چاڵی ئاگرەوە (الطبري، 2001: 16/ 305). هەندێك سەرچاوەش کە ئەم گێڕانەوەیان پەسەندکردووە، ئەوەیان بۆ زیادکردووە گوایە شەیتان وتوویەتی: من لەگەڵ کورددا ئاسوودەم (الصفوري، 1866: 2/ 187). هەرچەندە ئەم گێڕانەوەیە لاواز و پڕ کێشەیە لە ڕووی زنجیرە و سەندەوە (بڕوانە، الشهرزوري، 2024: 20_21)، بەڵام لە زۆر سەرچاوەی بەناوبانگ و بڵاوی ئیسلامیدا بە هەند وەرگیراوە کە کاریگەرییان لەسەر تێڕوانی تێڕوانینی دەستەبژێری موسوڵمان هەیە لەسەر کورد (بڕوانە: السمعاني، 1997/ 3/ 390؛ الزمخشري، 1987: 3/ 125؛ الماوردي، د.ت: 3/ 453).

ئەم وێناکردنە نەرێنییەش بۆ کورد جگە لە تەفسیرەکان لە سەرچاوە کولتورییەکانیشدا هەمان شتە بۆ نموونە، ئەدیب و بیرمەندی ناسراو "جاحز" (م.255ك/ 868ز) (1964: 1/ 71)، کوردی بە هۆزی "هذيل"ی عەرەب چوواندووە. ئەم هۆزە عەرەبییەش بە کەم و لاواز تەماشاکراون بەراورد بە قورەیش بۆ نمونە، هەروەها لە پەراوێزدابوون و تۆمەتبارکراون بە ڕێگرتن و چەتەگەری (الخليل، 2015: 45). هەروەها "جاحز" باسی ئەوەیکردووە (1423هـ: 1/ 130، 3/ 35)، هەرکات

ناوی "عەوام" برا پێویستە ڕوونکردنەوە بدرێت کە مەبەست پێی "کوردی چیایی" و پیشەگەر و فرۆشیارەکان نین. هاوکات کوردەکانی خستووەتە ڕیزی "هەمەج" و بەلای ئەوەوە "ئەگەر کوردێك بە تێڵا و کوتەك شەڕیکرد ئەوە ڕۆشنبیرترینیانە". کاریگەریی "جاحز"یش بەسە سەردەمەکانی پاش خۆیەوە زۆرە بەو پێیەی زمانێکی ئەدەبییانەی بەکارهێناوە و زانایەکی ئینسایکلۆپیدییە، لە پاش ئەویش بەشێوەیەکی گشتیش گوتراوە: کورد چیانشینن و دوورن لە مەڵبەندەکانی شارستانیەت (أبو حنيفة الدينوري، 1960: 27)، "دڵڕەقن" و وڵاتەکەیان (هەرێمی چیا) زبر و سارد و خەمهێنەرە (اليعقوبي، 1422هـ: 20)، لەگەڵ دەشتەکییەکانی عەرەبدا زەوی خەڵکیان کاولکردووە (ابن المعتز، 1990: 91). ئەگەر لە سەدە بەراییەکانی ئیسلامیش بێینە خوارەوە بۆ سەدەی 4ك/10ز، دەبینین پشتئەستوور بە گێڕانەوە کۆنەکان هەمدیس ئەوە دراوەتە پاڵ حەکیمەکان کە وتوویانە دیاردەی دوو ڕەگەزیی (نێرەمووك) و بەخشراو (شێت)، زیاتر لە نێو کورددا هەن (ابن عبد ربه، 1404هـ: 7/ 257).

مێژوونووسی بەناوبانگ "تەبەری" (2001: 16/ 305) وەك دەشتەکییەکانی فارس (أعراب فارس) ئاماژەی بۆکردوون و باسی لەوەشکردووە (1967: 2/ 39، 178؛ 10/ 37)، لە نێو خێوەتتا دەژین و شارنشین نین، هەندێکجار لەگەڵ دەشتەکییەکان بوونەتە هاوپەیمان و یەك خوێن بوون. هەروەها لەسەر زاری بازرگانەکانیشەوە وتراوە: بە گشتی کورد خراپترن لەو دەشتەکییانەی کە خودا لە قورئاندا لۆمەی کردوون "الأعراب أشد كفرا ونفاقا" (الآبي،2004: 200/7).

بەپێی لێکدانەوەی زانای ناودار "غەزالی" (م.505ك/1111ز) (د.ت:86) کە ماوەی چوار ساڵ مامۆستا و ڕێبەری ڕۆحیی خوێندنگای نیزامییەی بەغدا بووە (484_488ك_ 1091_1095ز)، خۆشبەختی لای کوردەکان و "زۆر لە ئەحمەقەکان" "سەرکەوتن، باڵادەستی، کوشتن، دیلگرتن و بە کەنیزەککردنە، ئەوان پەردەی دڕەندەیان بەسەردا دراوە و تێرکردنی حەزەکانیان بە گەورەترین چێژ دەبینن، ڕازیشن بەوەی لە پێگەی دڕەندە و کەمتریشدا بن، هەروەها دەڵێت (د.ت، 3/ 170)، چیرۆکەکانی دانایی، لێبوردەیی، خۆخواردنەوە؛ لە پەیامبەران، دۆستانی خودا، دانایان، زانایان، گەورە پادشاو خەڵکانی بەڕێزەوە زۆرن، دژەکەشیان لە کوردەکان، تورکەکان، نەزان و گەمژەکان، کە عەقڵیان نییە و باشەیان تێدا نییە. هەر بەپێی فەتوای "غەزالی" (د.ت: 2/ 342)، "کوردەکان و دەشتەکییە عەرەبەکان ، بێئاگان لە شەریعەت و مەرجەکانی نوێژ. بەلای ئەوەوە ئەرکی فەقیهەکان ئەوەیە بچن بەرەو "ڕەشە خەڵك، دەشتەکییەکان و کوردەکان"، بەبێ ئەوەی باسی فارسەکان بکات کە نەتەوەی بنەڕتیی خۆیەتی!

مێژوونوس و ناوداری شامی "ئیبن عەساکر" (1995: 68/ 73) لە سەدەی (6ك/12ز) دا چیرۆکێکی گواستووەتەوە بەشێکی باس لەوە دەکات "کوردەکان دڵڕەق و توندن" هاوشێوەی کاربەدەستەکانی دۆزەخ. هەر لەم سەدەیەدا هەندێك شەرعزانی حەنەفی بە مێرددانی کچیان لای"کورد و دەشتەکییە عەرەبەکان و تورك" کردووەتە بەڵگە کەـمەرج نییە بەخێوکاری کچ "دادگەر" بن و ئەستۆپاکییان لە "فاسق" بوون هەبێت (الكاساني، 1328ك: 2/ 239). هەروەها وتراوە هەرکەس وەك دنیا شمەك و خۆشییەکانی بەهەشت لە ئاوریشم، شیر و زەنجەبیل لێکبداتەوە، ئەوە وەك تازە زاوای کورد و" نبط" وایە (کە بە ساویلکەیی ناسراون)، باس لەوەشکراوە "کورد" و "ئەعراب" پێکەوە لە تاڵانکاری و کوشتنەوە تێوەگلاون (ابن الجوزي،1992: 13/ 115؛ 16/ 48 ). لای ناودارە عەرەبەکان لەگەڵ دەشتەکییەکانی فارسدا لە ڕیزی گەمژە و بێئاگاکاندا نوکتەیان لەسەر کراوە (ابن الجوزي، 1990: 162، 172، 121_127). بەوەش ناسێنراون کە تایبەتمەندییان هەیە لە ڕێگرتن و جەردەیی (المطرزي، 1328ه: 404). بۆچوونێك هەیە پێیوایە سروشتی خێڵەکییانەی کورد لە بەرهەمهێنانی

وێنەی دەشتەکی و بە کەم تەماشاکردنەدا ڕۆڵی هەبووبێت، هەر ئەوەش وایکردبێت دەوروبەر وەك نەتەوەیەکی یەکگرتوو تەماشایان نەکەن و زیاتر وەك کۆمەڵە خێڵێکی کۆچەری بیانبینن (بڕوانە: لشكري، 2004، 290).

بە بۆچوونی گەڕیدەی ناسراو "یاقوتی حەمەوی" (م.626ك/1129ز)، (1995: 3/ 375_ 376) کوردە شارەزوورییەکان "سەرپێچیکارن لە فەرمانڕەواکان و حەزیان لە ناکۆکی و یاخیبوونە". هەروەها بۆچوونی وایە مۆرکی جەردەیی و ڕێگری ئاکارێکی خۆڕسکیبیانەی کوردە شارەزوورییەکانە، ئەمە لە کاتێکدا "الحموي" هەرخۆی دانی بەوەدا ناوە لە شارەزووردا ئەوەندە "ناودارانی بەڕێز، پێشەوا، زانا، دادوەری دیار و شەرعزان" دەرکەوتوون کە "لە ژمارە نایەن و نەتوانرێت ئامار بکرێن". هەرچی مێژوونووسی ناودار "ئیبن ئەسیر"یشە لە سەدەی (7ك/13ز) دا، (1997: 1/ 89، 2/ 255؛ 5/ 156، 6/ 59، 100، 239، 337، 704، 8/ 113)، تاوێك وەك ئەعرابی فارس و تاوێکی تر وەك خراپەکار و هاوپەیمانی "ئەعراب" و جەردە "الصعاليك" باسی لە یاخیبوونەکانی کورد کردووە. هەروەها باس لەوە دەکات کورد لەگەڵ دەشتەکییەکاندا وشکن، لەگەڵ "علوجەکان"دا کە نا عەرەبی تورکن هەروەها "نەبەتییەکان" دا کە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیین، دزی و جەردەییان کردووە (427ك/1035ز).

بەلای "ئیبن تەیمیە"ی حەنبەلییە کە بە "شێخولئیسلام" ناسراوە (م.728ك/1328ز) (2004: 28/ 506)، کوردەکان هاوتای ئەو دەشتەکیانەن کە پابەند نین بە ئیسلامەوە. لە جێگەیەکی دیکەدا (2004: 12/ 238) کە باسی "کۆمەڵێك نەزان" دەکات دەربارەی پرسی "خلق القرآن"، نموونە بە کورد دەهێنێتەوە. لەمەش سەیرتر "ئیبن تەیمیە" فەتوای ئەوەشی لێ دەگێڕنەوە (2004: 28/ 506): ئەو کورد و عەرەبە دەشتەکییانەی پابەندی شەریعەت نابن "جەنگ لەگەڵکردنیان واجبە تەنانەت با زیانیشیان بۆ خەڵکی شارەکان نەبێت"، ئەمە لە کاتێکدا هەر "ئیبن تەیمیە" خۆی جەختیکردووەتەوە (2004: 3/ 151): "ئەوانەی ڕوو دەکەنە قیبلە لە پای تاوانی گەورەش کافر ناکرێن، وەك ئەوەی خەواریج دەیکەن؛ برایەتی ئیمانی لەگەڵ تاوانیشدا بەردەوامدەبێت. هەروەها پێداگرە لەسەر ئەوەی (2004: 7/ 648): بیدعەی خراپ ئەوەیە کۆمەڵێك موسوڵمان کۆمەڵێکی دی تەکفیر بکەن و خوێن وماڵیان حەلاڵ بکەن. هەرچی "ئیبن خەلدون"یشە (1981: 3/ 253، 334، 618؛ 5/ 605)، باسی لەوەکردووە دڕەندەن و لە جێگایەك بەن نابن، هەروەها بە خراپەکار (مفسد)و دەستەخۆشکی "ئەعراب" ئاماژەی بۆکردوون.

**تەوەری سێیەم: بەراوردکردن سەرچاوەکانی هەردوو ئایینزادا لەبارەی کوردەوە**

**بەراوردکردنی سەرچاوە شیعی و سوننییەکان دەربارەی کورد**

گێڕانەوەکانی نێو سەرچاوە کولتوورییەکانی ئایینزاکانی شیعە و سوننە دەربارەی کورد، هەروەها ڕیشەی ئەو وێنانەی بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست لەسەر کورد خستوویانەتەڕوو؛ هەندێك بەراوردکاری و پەیدۆزی هەڵدەگرن، کە دەشێت ئەمەی خوارەوە گرنگترینیان بێت:

_ لە سەرچاوەکانی شیعە و سوننەدا "کورد" بە ناوی نەتەوەیی خۆی هاتووە، بەڵام لە ڕێنووسدا براوەتە سەر باری زمانی عەرەبی و کراوە بە "کُرد"، هەروەها کۆکراوەتەوە و کراوە بە "الأكراد". بەهۆی ئەوەشی "الأكراد" بەڕووی چوواندنی بە "الأعراب" دا کراوەیە، ئەوانیش وێنەیان لە قورئان و فەرموودە و کولتووری ئیسلامیدا نەرێنی و بەدە، دەشێت "الأكراد" خراپ بەکاربهێنرێت، بەتایبەت کە لە سەرچاوەکانی هەردوو ئایینزاکەدا "الأكراد" و "الأعراب" وەك ناو و وەك ناوەڕۆك

زۆرجار هاوتاکراون. زەقترین وێنەی باوی "کورد" یش لەم سەرچاوانەدا ژیانی دەشتەکی و چیایی و دوورەپەرێزی و دابڕانە لە بنکە شارستانییە ئیسلامییەکان، هەندێك کاتیش بە "ئەعرابی فارس" ناوبراون.

_ دیدی مێژوونووسە سوننە و شیعەکان لەسەر بنەچەی "کورد" و نووسراوەکانیان ئەفسانەیی و خەیاڵاوییە، هیچ بەڵگەو بنکۆڵکاریيان تێدا نییە. هۆکاری ئەمەش کاریگەربوونی سەرچاوەکانیانە بە گێڕانەوەی ئەفسانەیی و گێڕانەوەی دەماودەمی پشتڕاستنەکراوە و هەندێك فەرموودەی لاواز و هەڵبەستراو کە مێژوونوسێکی شەرعزان بە بە "حەدیسە کێویلە" ناوی دەبات (ڕۆژبەیانی، 2005:17). هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا سروشتی ژیانی چیانیشنی سەخت و دوورەپەرێزی کورد و مۆرکی خێڵایەتی و گیانی یاخیگەرییان، هەروەها تێوەگلانیان لە ڕێگری و تاڵانکاری وەك نەریتی باوی سەدەکانی ناوەڕاست هۆکارێکی شێوانی وێنەیانە. لەگەڵ ئەمەشدا ململانێی نەتەوەیی و ئایینزاییش ڕۆڵی گەورەی هەیە، چ فارسی کوردی یان عەرەبی کوردی یان سوننە و شیعە بێت کە ڕیشەیەکی کۆنی هەیە.

_ شیعەکان و بەدوایاندا سوننەکان گریمانەی ئەفسانەیی دێو و درنج بوونی کوردیان خستووەتە سەر زاری سەرچاوە مێژووییەکان. گێڕانەوەکانیش پەیوەستکراون بە فەرموودەوە (بڕوانە: الأصفهاني، 1999: 1/ 426) کە پیرۆزی تایبەتی هەیە و سەرچاوەیەکی شەریعەتە، لە هەندێك سەرچاوەی دیکەی سوننەدا ئەوەشی بۆ زیادکراوە، کەنیزەکەکانی دایکانی کورد دووڕوو (منافق) بوون، ئەوانەشی سکپڕیانکردوون و باوکیانن شەیتان بوون (بڕوانە: المقريزي، م.845ك/1442ز)، ئەمە لە کاتێکدا وەچەخستنەوەی مرۆڤ لە جنۆکە نا لۆژیکی و نا زانستی و ناباوە، پاڵپشتی بەهێزی ئایینیشی نییە، بە تایبەت کە قورئان لەبارەی هاوسەرگیرییەوە جەخت لەوە دەکاتەوە لە یەك ڕەگەزن و هەردووکی مرۆڤن (خلق لكم من أنفسكم أزواجا) (بڕوانە النحل: 72، الروم: 21).

_ پاش چەندین سەدەش لە تەمومژ و دەستاودەستپێکردنی زانیاری زارەکی و ئەفسانەیی، ئەوجا مێژوونووسە سوننەکان گەیشتوون بەوەی کورد ڕەگەزێکی سەربەخۆن، ئەمە لای "ئیبن فەزلوڵڵای عومەری" (2002: 3/ 259) و "ئیبن خەلدون" دیارە (1981: 2/9، 2/ 567، 3/ 81). سەربارى هەڵوێستی نەرێنی "ئیبن خەلدون"یش لە کورد کە چەند نموونەیەکی ئاماژەپێکرا. "ئیبن فەزلوڵڵا" (م.749ك/1349ز) باسی لەوەکردووە "کورد ڕەگەزێکی تایبەتن لە ناو جۆری گشتیدا"، ئەمەش دانپێدانانە بە جیاوازییان، بەدوای ئەویشدا "ئیبن خەلدون" (م. 808ك/ 1406ز) ڕایگەیاندووە کورد عەجەمن و فارسیش نین، بەڵام لەو سەرچاوە شیعییانەی بەردەستن و لە بازنەی مێژوویی ئەم توێژینەوەیەدان کورد هەر بە جنۆکەیی ماوەتەوە، بەتایبەت کە دەقەکانیان لەوبارەیەوە گێڕانەوە و فەرموودەن و دراونەتە پاڵ "ئیمامە مەعسومەکان"، لای شیعەکانیش وتەی ئەوان کە دوازدە کەسی ئالوبەیتن و پەسەندکردنیان بۆ شتەکان، هاوتای فەرموودەی پێغەمبەرن و سەرچاوەی شەریعەتن، بەو پێیەی خاوەنەکانیان لە باوەڕی ئەواندا و بێهەڵە و پاکن (المجلسي، 1983: 23/ 212؛ شبّر، د.ت، 8/1). گومانکردنیش لە دەقەکانی بە دێو و درنجکردنی کورد لە بازنەی شیعیدا بۆ سەدەی (11ك/17ز) دواکەوتووە، لەوە بەدواش باس لە لاوازی و بچڕانی گێڕەرەوەکان کراوە، ئەویش نەبووەتە ئاراستەی زاڵ و باوی نێو دامەزراوە ئایینییەکان، بە بەڵگەی ئەوەی لە زۆر دانراوە فیقهییەکانی دواتر ئەو وێنە شێواوانەی کورد وەك خۆیان گوازراونەتەوە و دانراونەتەوە، بەبێ ڕەتکردنەوە و گومانلێکردنیان (بڕوانە: مراد، 2022: 94_96؛ کریم، 2015: 65_61؛ مرعي، 2017).

_ بەشێك لە دەقە مێژوویی و ئایینییە سوننی و شیعییەکان دەربارەی کورد کە ئاماژەیان پێکرا، لە هەوڵی عەرەباندنی کورددا هاوبەشن، هەردوولاش کورد بە کەمتر و پلە نزمتر تەماشا دەکەن و لە ڕوانگەیەکی باڵاترەوە لێی دەدوێن کە ناوەندگەرایی و

زاڵگەرایی عەرەبییە، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە لەو قۆناغەدا هێشتا تان و پۆ و بنەما بنەڕەتییەکانی سوننە و شیعە هەر عەرەبی بوون، ئاماژەش هەن ئەم تەعریبکردنەی کورد لە چوارچێوەی ململانێی عەرەبدا بێت لەگەڵ فارسەکان، بەتایبەت "فەراهیدی" و "مەسعودی" کە پێشەنگی بە عەرەبکردنی کورد بوون؛ خۆیان عەرەبن. ئەوەشی جێگەی سەرنجە فارسەکانیش هەوڵی پێچەوانەیان هەبووە بۆ ڕاکێشانی کورد بەلای خۆیان و بە دەربرینی "مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی" (2005: 18) "کورد لە هەزار جێوە جگەری قیمە قیمە کراوە".

_ هەندێك لە وێنە بەدەکانی کورد وەك جەردەیی و تاڵانکردنی بازرگان کە لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا دەربارەی کورد هاتووە، لە گەشتەکەی مارکۆپۆلۆشدا (1:1995/ 56) لە سەدەی (7ك/13ز) دا هەیە، ئەم گێڕانەوانە درێژەی کێشاوە بۆ سەردەمانی دواتر، بۆ نموونە "مەلا مەحمودی بایەزیدی "(م.1859ز)، (2010: 14، 114) سەلماندوویەتی و ئەویش ئاماژەی پێکردووە، ئەمەش پەیوەندی بە شێوازی ژیانی ئەوکاتەوە هەیە لای سەرجەم نەتەوەکانی ناوچەکە و هۆکارێکی دیکەی یارمەتیدەری هەبووە کە سەختی و دوورەدەستی ناوچەکانیان بووە.

_ لە گێڕانەوەکانی بە جنۆکەکردنی کورد و وێناکردنی وەك ئاگرپەرست و شوانکارەیی، شیعەکانی پەیوەستیان کردووەتەوە بە فەتوا و بۆچوونی گریمانکراوی ئیمامی شەشەم؛ "جەعفەری سادق". کە قسەکانی سەرچاوەی تەشریع و بنەڕەتن وەك ئاماژەی پێکرا. لە گێڕانەوە سوننەکانیشدا هاوشێوەی شیعەکان ناوبردنی کورد لە دژایەتیکردنی پێغەمبەر "ئیبراهیم"دا (د.خ) گەڕێنراوەتەوە بۆ "عەبدوڵڵای کوڕی عومەر" کە کوڕی خەلیفەی دووەمی ڕاشیدی و خێزانێکی خاوەن پێگەن لە نێو سوننە (الطبري2001: 16/ 305)، سەرچاوەی ئەم گێڕانەوەیەش تەفسیری "تەبەری" یە کە لە سەرچاوە سوننەکاندا بە "دروستترین و مەزنترین" تەفسیر نێوبراوە (ابن تيمية، 2004: 385/13؛ القنوجي، 2007: 96)، بەڵام ئەوە هەیە لە ئایینزای سوننەدا بێهەڵەیی (العصمة) تەنیا بۆ پێغەمبەرە (د.خ)، ڕێسای باویش لەمەدا قسەیەکی "مالیکی کوڕی ئەنەس" ـە کە یەکێکە لە چوار پێشەواکەی سوننە و جەختدەکاتەوە: هەموو کەس لە قسەکانی وەردەگیرێت و ڕەتدەکرێتەوە، تەنیا پێغەمبەر (د.خ) نەبێت (بڕوانە: الأرموي، 1988: 1/ 88).

_ لە گێڕانەوە سوننەکاندا هەواڵدانی لاساری کورد بەر لە ڕۆژی دوایی لە ڕێگای "ئەبو هورەیرە" ـەوە دراوەتە پاڵ پێغەمبەر (د.خ). ئەوانەی شیعەش دراونەتە پاڵ "عەلی کوڕی ئەبو تالیب" کە خاڵی کۆکەرەوەی سەرجەم گرووپەکانی شیعەیە. ئەگەرچی بەپێی میتۆدەکانی فەرموودەناسی هەردوو ئایینزاکە، گێڕانەوەکان جێگەی گومان و ڕەخنەن، لە ڕووی سەنەد و نێوەڕۆك و دەقیشەوە کێشەی زۆری بچڕان و نەناسراوی گێڕانەوەکانی تێدایە و ڕەتدەکرێنەوە (بڕوانە: الشهرزوري، 2024: 20_26؛ کریم، 2015: 57، 61)، بەڵام بەشێوەیەکی بەربڵاو لە سەرچاوە کولتورییەکانی هەردوولادا دەستاودەستیان پێکراوە و هۆکاربوون بۆ دروستکردنی وێنەی بەد لەسەر کورد لە چوارچێوەی ململانێی ڕەگەزی و ئاینزاییدا لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامی.

_ لە گێڕانەوەی سەرزاری "ئیمام عەلی" لە بارەی قڕکردنی کورد لەسەر دەستی "مەهدی"، هاوتاکراون لەگەڵ خەواریجە شوراتەکان (بڕوانە: النعماني، د.ت: 148)، ئەمەش خۆی بۆ خۆی لێکدانەوەیەکی ڕوونە لەبارەی ناپەسەندی کورد لە خەیاڵدانی شیعیدا بەهۆی هاوکاریکردنی خەواریج لەلایەن بەشێك لە کوردەوە (بڕوانە: محمد، 2019_ 65_72). هاوتای ئەمەش لە گێڕانەوە سوننییەکەی "ئەبو هورەیرە" دا لەبارەی جەنگی موسوڵمانەکان و کورد پێش هاتنی ڕۆژی دوایی،

پاشخانی فارسی و ژیانی کورد له نزیك کرمان ئاماژەی پێکراوه گوایه ئەو قەومه لەوێ نیشتەجێن (بڕوانه: المديني، 1986: 1/ 56).

_ گێرانەوه شیعییه نەرێنی و شێواوەکان لەسەر کورد دەشێت جگه له بەشداریکردنی کورد له شۆڕشەکانی خەواریج، بەشداریکردنیشیان بووبێت له بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشه شیعییەکان (127هـ/745م) (الطبري، 1967: 7/ 371_372)، هەروەها دەکرێت کەمی شوێنکەوتووانی شیعه له نێو کورددا ڕۆڵی هەبێت تا ڕادەی ئەوەی "ئیبن ڕەجەبی حەنبەلی" (795ك/1393ز) (1952: 2/ 315) باسی لەوەکردووه ڕافیزەبوون له نێو کورددا هەر نییه، ئەمەش ناوزەدکردنی سەرچاوه سوننەکانه بۆ ئەو شیعانەی خەلیفه ڕاشیدینەکان و له پێشینەیی فەزڵ و پێگەی "ئەبوبەکر" و "عومەر" ڕەتدەکەنەوه (بڕوانه: البغدادي، 1977: 25).

_ هەندێك له شرۆڤه کولتورییەکانی فەرموودەکەی "ئەبو هورەیره" لەبارەی شەڕی موسوڵمانەکان و خەڵکه کورده "کڵاش پەڕۆینه"کانی ئێران، ئاماژه بەوه دەکەن ئەو جەنگه ڕوویداوه و "فەرموودەکه ڕاستگەڕاوه" (التويجري، 1993: 1/ 369)، بەم پێیەش له سەردەمی لەشکرکێشییه ئیسلامییەکانی "فتوحات" دا بووه، بەڵام بەپێی گێرانەوه شیعییەکان هێشتا شەڕی ئیمامی دوازدەیەمی شیعه (مەهدی) لەگەڵ کورد ڕووینەداوه، ئەمەش شەڕی شیعه و کورد له خەیاڵدانی شیعیدا دەکاته شتێکی چاوەڕوانکراو بەپێی پێوەری گێرانەوەکانی نێو سەرچاوه شیعییەکان.

_ گێرانەوه بەدبینەکانی سوننه لەسەر کورد بەشێکیان وێناکردنی خراپ و گشتاندنیەتی، بەشێکی دیکەیان ڕاستین و دەبێت بخرێنه میانەی مێژوویی خۆی، لەگەڵ ئەوەشدا هیچیان لێکەوتەی شەرعییان لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ کورددا بۆ داهاتوو نییه، بەڵام گێرانەوەکانی شیعه لەسەر حەرامکردنی مامەڵەکردن لەگەڵ کورددا حوکمی شەرعی و "فەرموودەی مەعسومەکانن"، ڕووی تیۆریشەوه پەیڕەوانی ئایینزاکه پابەند دەکەن به جێبەجێکردنی.

_ لەبارەی هۆکاری کەڵەکەبوونی وێنه خراپەکانی کورد له سەرچاوه سوننەکاندا که خاوەن دەسەڵات بوون، دەشێت زیاتر ئایینی و سیاسی بن، چونکه سەرچاوه مەعریفییەکانی مێژووی ئیسلامی زیاتر وابەستەی ئەم دوو ڕوانگەیەن (بڕوانه: لشكري، 2004: 289). لەم بوارەشدا جێگەی ئاماژەیه که کورد پاش سەردەمی پەیامبەری ئیسلام، له میانەی پرۆسەی "فتوحات"دا به شێوەیەکی فراوان ڕووبەڕووی موسوڵمانی گەلانی دیکەی عەرەب و فارس بووەتەوه و بەیەکتر ئاشنا بوون، لەم هەڵمەتانەشدا هەموویان نەچوونه سەر ئایینی ئیسلام، بەڵکو بەشێکیان ڕازیبوون سەرانەی "جزیه" و خەراج"ی زەوی بدەن بەرامبەر بەوەی لەسەر ئایینی خۆیان بمێننەوه (بڕوانه: البلاذري، 1988: 137، 300، 317؛ الحموي، 1995: 1/ 129؛ 2/ 291)، هەندێکی تریشان له وڵاتی فارس و له نزیکی ئەزەربیجان (بلاسجان) له بری موسوڵمانبوون یان سەرانەدان ڕێگای جەنگ و بەرەنگارییان هەڵبژاردووه (23هـ/644مـ) (الطبري،1967 : 4/ 178؛ ابن الفقيه، 1996: 589 )، له وڵاتی فارسیشدا هەندێك له کوردەکان نێردراوی خەلیفه "عومەری کوڕی خەتاب" یان کوشتووه (البلاذري، 1988: 377) ئەم دەرگیرییەش درێژەی کێشاوه و له سەردەمی خەلیفەی سێیەمی ڕاشیدیندا (عثمان بن عفان)، هەندێك له کوردەکان ڕاپەڕیون و پاش موسوڵمانبوون "بێباوەڕ بوونەتەوه" (24ك/645ز) (ابن الجوزي، 1992: 5/ 4)، هەروەها لەسەردەمی ئومەوی و پاشان عەباسیشدا ناوچه کوردییەکان بوونەته پەناگەی هەڵاتووەکانی خەواریج و لانکەی چەندین یاخیبوون (بڕوانه: محمد، 2024، 26_32)، دەشێت ئەمەش هۆکاری سەرەکی بەدبینی تۆمارنامه مێژووییه ئیسلامییەکان بێت له کورد

کە هەمیشە وەك یاخی و چیایی و سەر بەگۆبەن پۆلێنیانکردوون، لەم دۆخەشدا سروشت و هەڵکەوتەی جوگرافی ڕۆڵی هەیە بەجۆرێك بووەتە "لانکەی هەموو تووڕەیەك و پەناگەی هەموو هێرشبەرێك بووە" (ابن الأثیر،1997: 3/ 9).

_ فەتواکانی "ئیبن تەیمیە"ی حەڕانی کە لە شامدا بەرکەوتنی لەگەڵ کورددا هەبووە، لەسەر ڕەوایەتی شەڕی کوردەکان ، چونکە "پابەندنین بە شەریعەتەوە"، هەروەها لەقەڵەمدانیان بە "نەفام_ جاهل" یان بەرجەستەکردن (تجسیم)، بۆ زاتی خودا (2004: 3/ 185)، جگە لە میانەی مێژوییی، بەدوور نین لە سەرسامی ناوبراو بە ڕەگەزی عەرەب و هەڵوێستی نەرێنیانەی لە عەجەم، بەجۆرێك لە فەتوایەکی تردا (1999: 1/ 520) قسەکردن بە عەجەمی جگە لە کاتی پێوست بە خراپ دەزانێت. بە شێوەیەکی گشتییش "ئیبن تەیمیە" پێیوایە (1986: 4/599_600) "ڕەگەزی عەرەب لە هەمووان زیاتر شایستەی شوێنکەوتن و خۆشویستنن، ئەمەشی داوەتە پاڵ "جمهوری زانایان"، جەختیش دەکاتەوە هەرکەس پێیوابێت هەموو ڕەگەزەکان هاوئاستن و جیاوازییان نییە ئەوە "شعوبییە" و قسەکەشی "الاواز و هی ئەهلی بیدعەیە".

_ بۆ بەدبینییەکانی ڕێبەری سۆفی ئەشعەری "غەزالی"، لەسەر کورد سەرنج بۆ ڕەچەڵەك و پاشخانە فارسییەکەی دەڕوات، فارسەکانیش پێش عەرەبەکان نەیار و ناجۆربوون لەگەڵ کورد، تا سەردەمی "غەزالی" ش لە خوێندنگای نیزامییەی بەغدا لە نێوان فەقێ کورد و فارسەکاندا ململانێ و شەڕیش هەبووە (ابن مستوفي، 1980، 1/ 368)، ئەگەرنا بەپێی پێدراوە مێژوییەکان، "غەزالی" مامۆستای نیزامییە لە نزیکەوە مامەڵە و ئاشنایەتی و بەرکەوتەی لەگەڵ کورد هەبووە و ستایشی یەکێك لە زانا شارەزووریەکانیشی کردووە (جمال الإسلام) (بڕوانە: محمد، 2024: 165_171 ).

_ لە گێڕانەوەکانی سەرچاوەکانی هەردوو ئایینزاکەدا، کورد هاوتاو بەراوردکراون بە گەل و پێکهاتەی دیکە، لەوانەی شیعەدا لە ڕیزی سودان، زنج، بەدکار، گەمژە و شێتدان (بەخشراو)، هەروەها بە ئاگر پەرستن لە قەڵەمدراون (بڕوانە: الکافي، 1407هـ: 5/ 352_354؛ الطوسي، د.ت: 464؛ 1362 1365ش: 63/9). ئەم دەقانەش بەلای شیعەکانی شوێنکەوتەی دەقەوە (الأخباریون) سەرجەمیان دروست (صحیح)ن (مرکز الأبحاث العقائدیة:2000: 1/ 307). لە سەرچاوەکانی سوننەشدا کورد چوێنراون بە دەشتەکی (الأعراب)، ڕەشە خەڵك، خەڵکانی وشك و نەزان وەك لە دانراوەکانی "جاحز، غەزالی، ئیبن تەیمیە، ئیبن کەسیر، یاقوتی حەمەوی "دا هاتوون. ئەم بەدبینییەی هەردوولاش ناجۆر و دژە لەگەڵ ڕۆحی ئایەتەکانی قورئان و دەقی فەمووده دروستەکان کە تەنیا پێوەری پلەبەندی و بەراوردی باش و خراپ لەنێوان مرۆڤ بە ترسان لەخودا (التقوی) پەیوەست دەکەنەوە و هیچی دیکە، لە نموونەی ئەو دەقانەش ئایەتی "يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ" (الحجرات: 13) هەروەها فەرموودەی "یا أیها الناس إن ربکم واحد ألا لا فضل لعربي علی عجمي ولا لعجمي علی عربي ولا لأحمر علی أسود ولا لأسود علی أحمر إلا بالتقوی ..." (أحمد، 2001، 38/ 474).

_ بەپێی پێوەرەکانی فەرموودەناسی لە هەردوو ئایینزای سوننە و شیعەدا گێڕانەوە بەدەکان لەسەر کورد کێشەیان تێدایە، بۆ نموونە فەرموودەکەی "ئیبن عومەر" کە گوایە کوردێك دژی پێغەمبەر ئیبراهیم وەستابێتەوە؛ بە لاواز "ضعیف" لە قەڵەمدراوە (الشهرزوری؛ 2024: 21؛ البرزنجي،2007: 6/ 167). هەروەها گێڕانەوەی کورد بۆ جنۆکە و فەتوای دوورەپەرێزگرتن لێیان لە دەقە شیعییەکان بچڕان لە گێڕەرەوەکانیدا هەیە و دەچنە خانەی گێڕانەوەی "مُرسل" (المجلسي، 1404هـ: 20/ 256). فەرموودەی "مرسل"یش لاوازە و کاریپێناکرێت (الفضلي، 1416هـ، 177). بەڵام ئەوە هەیە کە چەندین سەدە ئەم گێڕانەوانە وەك ڕاستی وەرگیراون و کاریگەرییان بەردەوامە، بۆ نموونە لێکۆڵەری شیعە "مەجلیسی"

(م.1111ك/ 1699ز) که ڕەنگە یەکەم کەسێت تانەی لەم گێڕانەوەیە دابێت و وتوویەتی "مرسل"ـە، کەچی هەر خۆی پێییوایە (1404هـ: 164) ماناکردنەکەی ئەوەیە "کورد لەبەر بەدخوییان و زۆری فرت و فێڵەکانیان چوێنراون بە جنۆکە تا ئەوەی بە ڕاستی بەشێکبن لەوان.."!

_ بەدبینی سەرچاوە سوننە و شیعەکان بەرامبەر کورد، بە شێوەیەکی سەرەکی دەربارەی کوردە ئاسایی و ڕەشۆکییەکەن، بەڵام کاتێك کە دێتەسەر مامەڵە و هەڵسەنگاندنی سیاسی، وێنەکە گۆڕانی بەسەردادێت. بۆ نموونە فەیلەسوف و مێژوونووس "مەسکەویە"، سەرباری بەدبینییەکانی دەربارەی کوردی هەرێمی چیا لە باسی "بەدری کوڕی حەسنەوەیهی"دا دەڵێت: (2000: 7/ 340) کەسێکی خاوەن بۆچوون و ئازابووە. هەروەها دەڵێت: خاوەن "ئاکاری پەسەند و کرداری باشە"، بەڵام لەبارەی هۆزەکەیەوە کە بەرزیکانییەکانن دەڵێت: "خراپترین هۆزن لە ستەم، دوژمنکاری، لەخۆباییبوون، خراپەکاری، تاڵانکاری و کوشتن لەسەر زەویدا ". ستایشی ئەم میرە کوردە لە هەندێك لە سەرچاوە سوننییەکانیشدا هەمان شتە بۆ نموونە "ئیبن کەسیر" (1988: 11/ 407) بە گرنگییەوە باس لەوە دەکات ساڵانە سێ هەزار دیناری بۆ پێداویستییەکانی ڕێبوارانی هەمەدان _ بەغدا تەرخانکردووە، هەروەها (100.000) دیناریش بۆ خزمەتکردنی حەرەمەکانی مەککە و مەدینە، ئەم پارەیەش جگە لە کاری ئاواکاری و نۆژەنکردنەوە بۆ ئەشرافەکانی مەککە و قورئانخوێنەکان و بنەماڵەکان و هەژاران چووە (مسکویە، 2000: 7/ 339). هەر لەم میانەیەشدا "ئیبن ئەسیر"(1997، 7/ 483) کە وێنای خراپی بۆ کورد زۆرە، ستایشی میری دەوڵەتی دۆستەکی "نەسرولدەولە" دەکات بەوەی : لە سایەی ئەودا سنوورەکان (لەگەڵ بێزەنتی) ئارامبوون، باشترین فرمانڕەواییشی کردووە.

لە شەڕی خاچییەکانیشدا جگە لە ستایشە زۆرەکانی "سوڵتان سەلاحەدین" کە تەنانەت "ئیبن ئەسیر" یشی لێ بەدەر نییە کە کەیفی بە ئەیوبییەکان نایەت(1997: 10/ 38)، میرە کوردەکان و فەرماندە سەربازییەکانی سوپاکەی، بوونەتە جێگەی ستایشی شاعیرانی سەردەمی خۆیان و باسی ئازایەتی، چاونەترسی و داستانەکانی بەرەنگارییان تۆمارکراوە، یەکێك لەوانەش "عیمادی ئەسفەهانی" (م. 597هـ/1201ز) (د.ت: 2/ 574) بە نموونە، لە هۆنراوەیەکدا جەنگاوەرە سوارە کوردەکانی چواندووە بەو باڵندە بەرزە فڕانەی لە ئاسماندا شەڕ دەکەن "وكأنما الأكراد فوق جيادها ... عقبان ملحمةٍ على عقبانِ"، دواتریش بەوە ستایشیاندەکات کە لەسەر سەرخستنی ڕاستی ڕاهاتوون. هەروەها شاعیرانی دیکە بە پەرۆشییەوە باسی کوژرانی هەندێك لە میرە جەنگاوەرە کوردییەکانیان کردووە و ستایشی جوامێرییان کردوون (بڕوانە: الخليل، 2014: 56_60). هەر لەم میانەیەشدا لە میسردا وتراوە لە (10) بەشی غیرەت و ئازایەتی، کورد نۆیان پێدراوە (النويري،1423هـ: 1/ 293). هەر لە جەنگی خاچییەکانیشدا یەکێک لە میر و فەرماندە عەرەبەکانی ئەو سەردەمە لە شام بە ناوی "ئوسامەی کوڕی مونقیز" (م. 584ک/ 1188ز) کە لە قەڵای "شیزەری" نزیک حەما بوون، چەند بەسەرهاتێکی ئازایەتی و جوامێری کوردەکانی لە جەنگەکاندا تۆمارکردووە، یەکێک لە وانە (د.ت: 49_50)، هی پیاوێکی پیرەمێردی کوردە (حەمدات) کە نزیکبووە لە میری ناوچەکە، پاش پیربوون و کزبوونی چاوی، مۆڵەتدراوە بۆ لە ماڵەوە پشوو بدات و لە مزگەوت خەریکی پەرستش بێت، بەڵام پاش ماوەیەک خۆی پێ ڕانەگیراوە و گەڕاوەتەوە بۆ کار و گوتوویەتی"مردنم لەسەر ئەسپەکەم پێ باشترە لە نێو پێخەف"، پاش چەند ڕۆژێک هێرشکراوەتە سەریان لەلایەن فەرەنجەکانی تەرابلوسەوە، ئەم پیاوە کوردە بە تەمەنە چاوکزە بە ڕمێک سینگی سوارێکی فەرەنجی کونکردووە، دواتر گوتوویەتی: "میرم ئەگەر حەمدات لە مزگەوت دابنیشتایە کێ ئەم ڕمەی دەوەشاند؟". هەروەها لە بەسەرهاتێکی تردا (د.ت: 67) کە فەرەنجییەکانی "ئەنتاکیە"

هێرشیانکردووەتە سەریان کوردێک بەناوی "کامیل مەشتوب" بە ئازایەتییەکی زۆر جەنگاوە، کوردێکی دیکە بە ناوی "حەمدون"، چاوەڕێی ئەسپەکەی بووە، کاتێک کە ئازایەتی "کامیل مەشتوبی" دیوە، ئەویش جۆش و خرۆش گرتوویەتی و بەبێ چەک و قەڵغان چووەتە نێو شەڕەکە، بەڵام دیلکراوە و چاوی ڕاستیان هەڵکۆڵیوە. "ئیبن مونقیز" (د.ت:86) باسی بەسەرهاتێکی دیکە دەکات کە لەگەڵ مامی (میر شیزەر) چوون بۆ ڕاوکردن، یەکێک لە هاوەڵەکانیان سوارێکی کورد بووە بەناوی "زەهیرولدەولە بەختیار" کە لەبەر جوانییەکەی بە "قوبرسی" بانگکراوە، لە هەمان کاتدا ئازا و بە هەڵمەتیش بووە، لە ڕاوشکارەکەدا لە پڕ شێرێکیان لێ پەیدا بووە، ئەم سوارە کوردە بە تەنیا ڕووبەڕووی بووەتەوە تا هاوکاری پێ گەیشتووە و کوشتویانە. باسی لەوەشکردووە (د.ت: 150) جارێک فەرەنجەکان کچی سوارێکی کوردیان ڕفاندووە (ڕەفول)، باوکەکەش زۆر حاڵی پەرێشان بووە و هەر هاواری کردووە "ڕەفول بە کەنیزەک کراوە"، دواتر بۆیان دەرکەوتووە کچەکە لەسەر ئەسپەوە خۆی فڕێداوەتە ناو ڕووبار و خنکاوە و تەرمەکەیان دۆزیوەتەوە، ئیدی باوکی بێتاقەتی و ناڕەحەتییەکەی پێشووی نەماوە کە زانیویەتی لە بەردەستی فەرەنجەکان نییە و ئەمەش ئاماژە لەسەر ناموسپارێزی باوکەکە و لە هەمان کاتدا کچەکەش کە مردنی لە کەنیزەککردن پێباشتر بووە. "ئیبن مونقیز" چیرۆکێکی دیکەی سوارێکی کورد دەگێڕێتەوە (د.ت:49) بەناوی "مەیاح" کە لە جەنگێکدا سوارێکی خاچدروشمی کوشتووە، هێندەش توند لێیداوە قەڵغانە ئاسنەکەی بڕیوە، ئەم کەسە پاش ماوەیەک هاوسەرگیری کردووە و دڵی بە دنیا خۆشبووە، بەڵام لە یەکێک لە جەنگەکاندا بە جلی سووری تازە زاواییەوە کوژراوە و میریش بە داخ و کەسەرەوە شیعرێکی بۆ هۆنیوەتەوە کە گیانفیدایی و قوربانیدانی ئەم جەنگاوەرە کوردە دەردەخات بە ڕۆحی خۆی لە دەسپێکی ژیانی هاوسەرگیریدا.

_ لە نموونە ئەرێنییەکان و لە پێگەی کورد لە نێو خیلافەتدا، ڕاستییەك دەردەکەوێت کە کوردەکان

کوردەکان ڕۆڵی گرنگیان گێڕاوە لەمێژوی ئیسلامدا بەڵام وەك برۆنسن (1998:9) دەڵێت " زۆرجار ئەم ڕۆڵە بەبێ ئاوڕ لێدانەوە و تێبینکردن وپێزانین ماوەتەوە ( لەلایەن پەیڕەوانی هەردوو ئایینزای سوننە و شیعەوە). ئەم ڕۆژهەڵاتناسە کە توێژینەوەی لەسەر کورد کردووە، ئۆباڵی ئەم حاڵەتە دەخاتە ئەستۆی ئەوەی کوردەکان "بۆخۆیان بە وردی کاریان لەسەر ناساندنی شوناس و ڕیشەکانی خۆیان نەکردوە" و زمانی دراوسێکانیان بەکارهێناوە.

### گرنگترین ئەنجامەکان

**شیکار و بەراوردەکانی زانیارییەکانی ئەم توێژینەوەیە دەمانگەیەنێت بەم چەند ئەنجامەی خوارەوە:**

_ لە سەرچاوە دێرینەکانی پێش ئیسلامدا ناوی "کورد" جێگەی مشتومڕە، شێوازەکانی نووسینیشی جۆراوجۆرە، بەڵام لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامیدا ناوەکەی بە دەستکاریکردن و عەرەباندنی بۆ "الكرد" و "الأكراد" جێگیر کراوە. کێشەی ئەم قۆناغە لەگەڵ کورد لە ڕەچەڵەك و بنچەدا ڕەنگی داوەتەوە کە بووەتە جێگەی مشتومڕ و لێکدانەوە و وێناکردنی خەیاڵی و ئەفسانەیی ناتەبا لەگەڵ زانست و ئاوەز و ژیربێژیدا.

_ یاخیگەریی و سەختی ناوچەکانی کورد بووەتە گرێ بۆ دەسەڵاتە ناوەندگەرا ئیسلامییەکان، ئەمەش لە دەق و وێناکردنە بەدەکانی سەرچاوە کولتورییە ئیسلامییەکاندا دیارە و مۆرکی کاردانەوە لە هەمبەر ئەوە بەسەریاندا زاڵە.

_ جگە لەوەی لێکدانەوەی سەرچاوە سوننە و شیعەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامی لە بارەی بنەچەی کوردەوە خەیاڵی و ئەفسانەیین، وێناکردنەکانیشیان بۆ کورد لەگەڵ پێگە و ڕۆڵی مرۆیی و شارستانییان هاوتا نییە. هۆکاری ئەم قەیرانەش جگە لە میانەی مێژوویی و ڕەفتاری بەشێك لە کورد و شێوازی ژیان و سروشتی ناوچەکان و مۆرکی خێڵایەتییان، پەیوەستە بە

ململانێی ڕەگەزیی و هۆزگەرایی (قەحتان و عەدنان) و هەروەها فارس و کورد و لە دەرەوەی ئەوەش ناکۆکی ئایینزایی سوننە و شیعەشەوە .

_ شیعەکان و سوننەکان هاوشێوەی یەکتر وێنەی خراپ و بەدیان لەسەر کورد هەیە، بە تایبەت لە گێرانەوەیان بۆ جنۆکە و وێناکردنیان بە چیایی و دەشتەکی و ئاگرپەرست هاندانی دوورەپەرێزگرتن لێیان و ڕێگەخۆشکردنی جەنگکردن لەگەڵیان، بەڵام دەقەکانی شیعە لێکەوتەی شەرعییان لەسەر ئێستا و داهاتووش هەیە، چونکە دراونەتە پاڵ "ئیمامە مەعسومەکان" کە سەرچاوەی بنەڕەتی شەریعەتن، بەڵام دەقە سوننییەکان زیاتر وێناکردنی بەد و خراپ و بەکەم تەماشاکردن و بە نەزان و نەفام لە قەڵەمدانی زۆرینەیان و بە گاڵتەجاری باسکردن و هەوڵی دێواندنیانن.

_ وێنەی زەق و بەرچاوی کورد لە سەرچاوەکانی هەردوولادا جگە لە دەشتەکیبوون و چیایی بوون، هاوتاکردنیانە لەگەڵ گەلانی دیکەی دراوسێیان لەدیدێکی ناوەندگەرایی خۆ بە باڵاتر زانینیەوە، ئەمەش دژ و پێچەوانەیە لەگەڵ دەقە ڕوون و ڕاشکاوەکانی قورئان و فەرمووده لەبارەی بە پێوەرگرتنی چاکەکاریی بۆ پەسەندی و وەلانانی پێوەرەکانی دیکەی ڕەگەز، شوناس، ڕەنگ و ڕواڵەت.

_ وێنەی بەد و خراپ بۆ کورد زیاتر لە ئاستی خەڵکی ئاسایی و ڕەشۆکیدایە، کە دێتە سەر دەسەڵاتداران سەرچاوە گشتییەکان ئاراستەیان دەگۆڕێت بۆ وێناکردنی باش، کاتێکیش باس دەچێتە سەر شەڕی خاچییەکان و بەشداریکردنی کورد لە پاراستنی سنوورەکان و پیرۆزییە ئیسلامییەکان دۆخەکە دەگۆڕێت بۆ ئەرێنی.

__ سەرباری شێواندن و ئاوەژووکردنی ڕەچەڵەک و شوناسی کورد و نەخشاندنی وێنەی بەد بۆی لە سەرچاوە کولتوورییەکانی شیعە و سوننەدا، هەروەها بارودۆخی سەخت و دژواری ناوخۆیی و نا یەکگرتوویی پێکهاتەکەی، کورد هەر وەک پێکهاتەیەکی تایبەت لە چوارچێوەی خیلافەتدا پارێزگاری لە خۆی کردووە، بەبێ ئەوەی کەرەستە و میکانیزمی پێویستی بەربەرەکانێی کولتووریی بەردەست بێت، بەراورد بەو لێشاوە هەڵمەتەی لەسەری بووە.

**ڕاسپاردە و پێشنیار:**

_ هەوڵدانی ڕاستکردنەوەی وێنەی کورد لە سەرچاوە فیقهییەکانی سوننە و شیعە بە میکانیزمەکانی فەرموودەناسی و گەڕانەوە بۆ دەقە نەگۆڕ و ڕوونەکانی قورئان و فەرمووده لەبارەی مافی جیاوازبوونەوە. ئەمەش لە ڕێگەی مەرجەعیەتە ئایینی و شەرعییە متمانەدارەکانی هەردوو ئایینزاکە دەکرێت و تەنیا کاری مێژوونووسی نییە.

**سەرچاوەکان**


الآبي، منصور بن الحسين (ت. 421هـ / 1030م). (2004م). نثر الدر في المحاضرات. بيروت: دار الكتب العلمية.

ابن الأثير، المبارك بن محمد (ت 606هـ/1209م) (1979) النهاية في غريب الحديث والأثر . بيروت: المكتبة العلمية.

ابن الأثير، عز الدين علي (ت630ه/1232م) .(1980)اللباب في تهذيب الأنساب .دار صادر، بيروت.

ابن الأثير، عزالدين علي (ت 630 هـ / 1232 م). (1994). أسد الغابة في معرفة الصحابة. بيروت: دار الكتب العلمية.

الأرموي، سراج الدين (ت 682 هـ / 1283 م). (1988). التحصيل من المحصول. بيروت: مؤسسة الرسالة.

الأصفهاني، العماد (ت597هـ/1201م). خريدة القصر وجريدة العصر، ت محمد ب. الأثري. العراق وزارة الإعلام.

الأصفهاني، محمد بن عمر (ت 581هـ/1185م) (1986) المجموع المغيث. مكة المكرمة: جامعة أم القرى.

الأصطخري، إبراهيم بن محمد (ت. 346 هـ/957 م) (2010) المسالك والممالك. القاهرة: الهيئة العامة لقصور الثقافة.
الأصفهاني، الراغب .(1999)محاضرات الأدباء ومحاورات الشعراء .حققه: عمر الطباع. دار الأرقم، بيروت.
الأنصاري، شمس الدين محمد (1865)نخبة الدهر في عجائب البر والبحر .بطرسبورك: مطبعة الأكاديمية.
البغدادي عبد القاهر (ت 429 هـ / 1037 م). (1977). الفرق بين الفرق. ط2 بيروت: دار الآفاق الجديدة.
البكري، عبد الله بن عبد العزيز (ت 487ه/1094ز) (1992) المسالك والممالك. بيروت: دار الغرب الإسلامي.
البَلَاذُري، أحمد بن يحيى بن جابر بن داود (ت 279هـ) (1988) فتوح البلدان .بيروت: دار ومكتبة الهلال.
تبريزي، محمد علي (ت1310 ه/1892م) (1369 ه.ش) ريحانة الأدب في تراجم المعروفين بالكنية واللقب .طهران: خيام.
ابن تيمية، أحمد بن عبد الحليم (ت 728 هـ / 1328 م) (1986). منهاج السنة النبوية. الرياض: جامعة الإمام بن سعود.
ابن تيمية، أحمد بن عبد الحليم (ت 728 هـ / 1328 م)، (1999هـ) اقتضاء الصراط المستقيم، بيروت: دار عالم الكتب.
ابن تيمية، أحمد بن عبد الحليم (ت 728 هـ / 1328 م)، (2004م). مجموع الفتاوى. المدينة : مجمع الملك فهد.
الجاحظ، عمرو بن بحر (ت 255 هـ / 869 م) (1964). رسائل الجاحظ. القاهرة: مكتبة الخانجي.
الجاحظ، عمرو بن بحر (ت 255هـ/869م) (1423هـ) البيان والتبيين. بيروت: دار ومكتبة الهلال.
ابن الجوزي، عبد الرحمن بن علي (ت 597هـ / 1201م) (1992)المنتظم في تاريخ الأمم والملوك .تحقيق محمد و مصطفى ع. عطا. بيروت: دار الكتب العلمية.
ابن الجوزي، عبد الرحمن بن علي (ت 597هـ / 1201م) (1990)أخبار الحمقى والمغفلين بيروت: دار الفكر .
الحلي، محمد بن إدريس (ت 589هـ/1193م) (1410هـ) كتاب السرائر .قم: مؤسسة النشر الإسلامي.
ابن حنبل، الإمام أحمد (ت 241 هـ/855م) مسند .تحقيق: شعيب الأرنؤوط. بيروت: مؤسسة الرسالة.
ابن حوقل، محمد بن حوقل (ت 367 هـ / 978 م) (1938) صورة الأرض. بيروت: دار صادر.
ابن خرداذبة، أبو القاسم عبيد الله (ت 280 هـ / 893 م) (1889). المسالك والممالك .بيروت: دار صادر.
ابن خلدون، عبد الرحمن محمد (ت808 هـ / 1406 م) (1981) العِبَر: تاريخ ابن خلدون. بيروت: دار الفكر.
ابن خلكان، أحمد بن محمد (ت 681 هـ / 1282 م) (1900). وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان. بيروت: دار صادر.
أبو داود، سليمان بن الأشعث (ت 275 هـ/ 888م) (2009). سنن أبي داود. بيروت: دار الرسالة العالمية.
الدينوري، أبو حنيفة، (ت 282 هـ/895م) (1960) الأخبار الطوال .تحقيق عبد المنعم عامر. مصر: وزارة الثقافة.
الذهبي، شمس الدين (ت 748هـ/1347م) (1985) سير أعلام النبلاء. ت شعيب الأرناؤوط. بيروت: مؤسسة الرسالة.
الرازي، أبو بكر، (ت 313 هـ/925) .(1982) رسائل فلسفية . تحقيق، لجنة. بيروت: دار الآفاق الجديدة.
ابن رجب، ع. الحنبلي (ت795هـ/1393م). (1393هـ) . الذيل على طبقات الحنابلة. القاهرة: مطبعة السنة المحمدية.
ابن عبد ربه الأندلسي، أحمد بن محمد (ت 328 هـ/940م) (1404 هـ) .العقد الفريد .بيروت: دار الكتب العلمية.
الزمخشري، محمود بن عمر (ت 538 هـ/1144 م) (1987) الكشاف القاهرة: دار الريان.
الشهرستاني، محمد بن عبدالكريم (ت548هـ/1153م) (د.ت). الملل والنحل (د.ت) القاهرة: مؤسسة الحلبي.
الصفوري، عبد الرحمن (ت 894هـ/1489م) (1283هـ) نزهة المجالس ومنتخب النفائس .مصر: الكاستلية.
الطبري، ابن جرير (ت 310هـ/923ز) (2001) تفسير الطبري: جامع البيان .ت عبد الله عبد المحسن. القاهرة: دار هجر .

الطبري، ابن جرير (ت 310هـ/923) (1967) تاريخ الطبري، تحقيق محمد أبو الفضل. مصر: دار المعارف.
الطبري، ابن جرير (ت 310هـ/923) (2007)صحيح وضعيف "تاريخ الطبري، تحقيق: محمد بن طاهر البرزنجي، بيروت: دار ابن كثير.
الطوسي، محمد بن الحسن (ت 460 هـ / 1067 م) (1365 ش). تهذيب الأحكام، شرح المقنعة طهران: دار الكتب العلمية.
الطوسي، محمد بن الحسن (ت460هـ/1069م) (د.ت) النهاية في مجرد الفقه والفتاوى .قم: انتشارات قدس محمدي.
ابن عساكر، علي الحسن (ت 571هـ/1175م) (1995) تاريخ مدينة دمشق، تحقيق: محب الدين أبو سعيد. بيروت: دار الفكر.
العسقلاني، ابن حجر (ت 852هـ/1449) (2002) لسان الميزان .تحقيق عبد الفتاح أبو غدة. بيروت: دار البشائر.
العمري، ابن فضل الله (ت 749 هـ / 1348 م). (1988). التعريف بالمصطلح الشريف. بيروت: دار الكتب العلمية.
الغزالي، أبو حامد محمد بن محمد (ت 505هـ / 1111م) (د.ت). احياء علوم الدين .بيروت: دار المعرفة.
الفارقي، هلال بن المحسن (403 هـ / 1012 م) (1959) تاريخ الفارقي: الدولة المروانية. القاهرة: المطابع الأميرية.
أبو الفداء، إسماعيل الأيوبي (ت 732 هـ / 1332 م) (د.ت). المختصر في أخبار البشر. القاهرة: المطبعة الحسينية.
الفراهيدي، الخليل بن أحمد (ت170هـ/787م) (د.ت) كتاب العين .تحقيق د. مهدي المخزومي. دار ومكتبة الهلال.
ابن الفقيه الهمداني، أحمد بن محمد (365 هـ / 975 م). (1996) البلدان. تحقيق: يوسف الهادي. بيروت: عالم الكتب.
ابن قتيبة الدينوري، عبدالله بن مسلم. (ت276هـ/889م) (1418ه). عيون الأخبار. بيروت: دار الكتب العلمية.
قزويني، حمدلله مستوفى (ت750ه/1349م)، نزهة القلوب، ت كي لسترنج، 1362ق. تهران: دنياى كتاب.
الكاساني، أبو بكر بن مسعود (ت 587هـ/1191م) (1328هـ) بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع. مصر: المطبوعات العلمية.
ابن القلانسي، حمزة بن الأسد (ت555هـ/1160م). (1403هـ). تاريخ دمشق تحقيق: س. زكار. دمشق: دار حسان.
ابن المستوفي، المبارك بن أحمد (ت637هـ/1239م) (1980). تاريخ إربل ت سامي الصقار. العراق: وزارة الثقافة.
الكليني، الشيخ (ت 329 هـ / 940 م) (1407هـ). الكافي، (غفاري على أكبر وآخوندي).ط4. طهران: دار الكتب الإسلامية.
ابن المعتز، عبد الله بن محمد، (ت 296 هـ / 908 م) (1990). البديع في البديع. بيروت: دار الجيل.
الماوردي، علي بن محمد (ت 450هـ/1058م)، (د.ت). تفسير الماوردي، ت السيد ابن عبد المقصود بيروت: دار الكتب العلمية.
المجلسي، محمد باقر (ت 1111ه/1699م) (1983) بحار الأنوار الجامعة لدرر أخبار الأئمة الأطهار .مؤسسة الوفاء، بيروت.
المجلسي، محمد باقر (1404هـ). مرآة العقول. طهران: دار الكتب الإسلامية.
المديني، الأصفهاني، (ت 581 هـ / 1185 م) (1986). المجموع المغيث. مكة: جامعة أم القرى.
المسعودي، علي بن الحسين (ت346هـ/957م) (1409هـ). (د.ت) التنبيه والإشراف القاهرة: دار الصاوي.
المسعودي، علي بن الحسين (ت346هـ/957م) (1409هـ). مروج الذهب ومعادن الجوهر .قم: دار الهجرة.
المطرزي، ناصر بن عبد السيد (ت616 هـ/1219 م) (د.ت)، المُغرب في ترتيب المعرب، بيروت: دار الكتاب العربي.
المفيد، الشيخ (ت413ك/1022ز)، (د.ت). تهذيب الأحكام في شرح المقنعة. تهران: دار الكتب الإسلامية.
ابن منظور، محمد بن مكرم (ت 711هـ/1311م) (1414هـ) لسان العرب .الطبعة الثالثة. بيروت: دار صادر.
ابن منقذ، أسامةالشيزري (ت584 هـ / 1188م). ( 2005). الاعتبار. حرره فيليب حتّي. مصر: مكتبة الثقافة الدينية.

النعماني، محمد بن إبراهيم (ت. 360 هـ/971 م) (د. ت) الغيبة، تحقيق فارس حسون كريم. قم: أنوار الهدى.
النويري، شهاب الدين (ت. 733هـ/1332م). (1423هـ). نهاية الأرب في فنون الأدب. القاهرة: دار الكتب والوثائق.
الهيثمي، نور الدين علي (ت 807 هـ/1405م) (1994) مجمع الزوائد ومنبع الفوائد . القاهرة: مكتبة القدسي.
ابن واصل، جمال الدين (ت 697 هـ / 1297 م) (1957). مفرج الكروب في أخبار بني أيوب. القاهرة: دار الكتب.
ياقوت الحموي، شهاب الدين أبو عبد الله (ت 626هـ/ 1228م) (1995) معجم البلدان .ط2. بيروت: دار صادر.
اليعقوبي، أحمد بن إسحاق (ت 292 هـ / 905 م) (1422هـ) .البلدان. بيروت: دار الكتب العلمية.

**سەرچاوە نوێیەکان:**

التويجري، حمود (1993) إتحاف الجماعة بما جاء في الفتن والملاحم وأشراط الساعة. الرياض: دار الصميعي.
حسين، جميل حرب محمود (1985) الحجاز واليمن في العصر الأيوبي. السعودية: تهامة للنشر.
الخليل، أحمد محمود (2014). الكرد وكردستان فى مصادر الأدب العربي القديم. أربيل: موكرياني.
زكي بك، محمد أمين (1939) خلاصة تاريخ الكرد وكردستان من أقدم العصور التاريخية حتى الآن. ترجمة محمد علي عوني. القاهرة: مطبعة السعادة.
زكي بك، محمد أمين (1948) تاريخ الدول والإمارات الكردية في العهد الإسلامي، ترجمة م. عوني. القاهرة: مطبعةالسعادة.
شبّر، السيد عبد الله (د. ت) الأنوار اللامعة في شرح زيارة الجامعة. بيروت: مؤسسة الوفاء.
الصويركي، محمد علي (2010) تاريخ الأكراد في بلاد الشام ومصر .عمان: مديرية الثقافة للأمانة العامة.
العاملي، محسن الأمين، أعيان الشيعة (د.ت). تحقيق، حسن الأمين. بيروت: دار التعارف.
الفضلي، محمد (1416هـ)، أصول الحديث، قم: مؤسسة أم القرى.
مرتضى العاملي، السيد جعفر (د.ت) الصحيح من سيرة الإمام علي. النجف: المركز الإسلامي للدراسات.
مركز الأبحاث العقائدية. (2000)موسوعة الأسئلة العقائدية. مركز الأبحاث العقائدية، قم.
محمد، ياسين طه. (2019). الأديان والمذاهب والعقائد في كُردستان، جامعة السليمانية: مركز كردستان.
يوسف، عبدالرقيب (2001) .الدولة الدوستكية .أربيل: دار ئاراس.
لشكري، حيدر. (2004). الكرد في المعرفة التاريخية الإسلامية، دراسة تحليلية نقدية، دهوك: دار سبيريز.

**سەرچاوە بیانییەکان:**

**Driver, G. R.** (1923) 'The Name Kurd and Its Philological Connexions', Journal of the Royal Asiatic Society of Great Britain and Ireland.

**Safrastian, A.** (1948) Kurds and Kurdistan. London: The Harvill Press.

**Van Bruinessen, M. M**. (1998) The Kurds and Islam. Les Annales de l'Autre Islam, 5, pp. 13–35. Available at: https://dspace.library.uu.nl/handle/1874/20693 (Accessed: 24 April 2025).

**سەرچاوەوەرگێردراوەکان:**

بايزيدى، محمود (2010) رسالة في عادات الأكراد وتقاليدهم، ترجمه جان دوست. أبوظبي: كلمة.

بولو، ماركو (1995). رحلات ماركو بولو. ترجمة: عبد العزيز جاويد. القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب.

كارتسۆڤ، (2024) چەند سەرنجێك دەربارەی كورد. وەرگێراني سواره شاكەلي. سلێماني: چ. حەمدي.

هوتسما، م. ت.، أرنولد، ت. و.، باسيت، ر.، وهارتمان، ر. (1998) موجز دائرة المعارف الإسلامية. إعداد وتحرير: إبراهيم زكي و نخبة من أساتذة الجامعات المصرية والعربية. الشارقة: مركز الشارقة للإبداع الفكري.

**سەرچاوه كوردييەكان:**

محەمەد، ياسين تەها (2024)، ئايينزای ئەشعەری له ناو كورددا. سلێمانی: ڕێکخراوی خاڵ.

ڕۆژبەيانی، مەلا جەميل (2005)، وڵاتگيری ڕەشەخاكی عێراق. هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبيری.

**توێژينەوه زانستييەكان:**

اللهيبي، عماد كامل مرعي آل ظاهر ' (2012)دور الأكراد في حماية المسلمين في بلاد القفقاس في القرنين الرابع والخامس الهجريين ,'مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية، مج7، العدد 3.

بدرهاجو، عبدالله عمر ' (2021)منهج راغب الأصفهاني في توجيه القراءات من خلال تفسيره، المجلة الدولية لنشر البحوث والدراسات، العدد 15.

الشهرزوري، شيروان ناجي ' (2024)الآثار الواردة في الأكراد جمعا وتخريجا ودراسة ,'مجلة كلية التربية للبنات، العدد 24، ص. 19–50.

كريم، بختيار عبدالله ' (2015)كورد له پاشخانی ئاينی شيعەدا'، گۆڤاری زانكۆی گەرميان، العدد 6، ص. 54–76.

مراد، Charif(دون تاريخ) 'بيان حقيقة نسب الكرد في مصادر الشيعة والرد عليهم'، مجلةKurdiyat ، العدد 5، ص. 85–100.

مرعي، فرست (2017)، الكورد من منظور علماء الشيعة الإثني عشرية، https://2h.ae/iTzK (متاح: 8 نيسان 2025).



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**ملخص البحث:**

يسعى هذا البحث إلى تحليل هوية الكورد وصورتهم في المصادر التراثية الإسلامية، السنية والشيعية، عبر استقصاء الأخبار والروايات ذات الصلة في نصوص العصور الوسطى. ويُلاحظ أن تحديد أصول الكورد وصورتهم النمطية في هذه المصادر يتسم بالتعقيد والغموض، نتيجة التداخل بين العوامل العرقية والدينية والسياسية، وافتقار النصوص إلى منهجية علمية دقيقة، فضلاً عن تأثرها بالخيال والأساطير.

تعكس هذه المصادر في مجملها مظاهر الهيمنة الثقافية، وتعتمد تصنيفات قائمة على نظرة استعلائية إزاء الكورد، مما أدى إلى ترسيخ صورة مشوهة وتحط من شأنهم، مع الإشارة إلى أن الكورد أنفسهم يتحملون جانبًا من المسؤولية في هذا السياق.

يعتمد البحث منهجًا وصفيًا-تحليليًا يقوم على تتبع التطور التاريخي للنصوص، مع التركيز على أوجه التشابه والاختلاف بين تصورات السنة والشيعة، مستندًا إلى المقارنة المنهجية. كما يهدف إلى الكشف عن العوامل الذاتية والسياسية والدينية والاجتماعية التي ساهمت في ترسيخ هذه الصورة النمطية السلبية.

تبرز أهمية هذا البحث من خلال تقديم قراءة نقدية معمقة للنصوص المتعلقة بالكورد، والسعي إلى فهم أوسع للدوافع والسياقات المؤثرة في صياغة هذه الصور، مع مراعاة المعايير الفقهية والشرعية للمذهبين السني والشيعي.

**الكلمات المفتاحية:** صورة الكورد، هوية الكورد، المصادر السنية، المصادر الشيعية، العصور الوسطى الإسلامية.